# کێشەی ئەرمەن لە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمریكی ١٨٩٨-١٨٧٧

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویيە

**هۆشمەند علی محمود [١] سامان حسین ئەحمەد [٢]**

[١] بەشی مێژوو ،فاكەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کردستان- عراق

[٢] بەشی زانستە کۆمەلایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کردستان- عراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوە تەرخانکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئەرمەن لەرۆژنامەی نیۆرك تایمزی ئەمریکی لەنێوان ساڵانی (١٨٧٧-١٨٩٨)دا ، چۆنیەتی کارکردنی ئەو رۆژنامەیە لە سەر ئەو پرسە لەو مەودا مێژووییەدا .بەگشتی توێژینەوەکە لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە، تەوەری یەکەم کورتەیەك دەربارەی ئەرمەن بە شێوەیەکی گشتی باس کراوە. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ کێشەی ئەرمەن لە رۆژنامەی نیۆرک تایمزدا لەماوەی شەڕی روسیا-عوسمانی (١٨٧٧-١٨٧٨) ، تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە رووداوەکانی کێشەی ئەرمەن دوای ئەو شەڕە لە رۆژنامەی نیۆرک تایمزدا.سەبارەت بە تەوەرەی چوارەم تایبەتە بە باس وخواسی ئەو کێشەیە لەماوەی نزیك بوونەوەی کوردو تورك تا رووداوەکانی ساڵی ١٨٩٥. لە تەوەری پێنجەم و کۆتاییشدا کێشەی ئەرمەن و رووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٨٩٥-١٨٩٨)خراونەتە بەر باس ولێکۆڵینەوە و هەریەکە لە رووداوەکانی کێشەکە، ریفۆرمی دووەم، هەڵوێستی نیۆرك تایمز بەرامبەر زلهێزەکان و هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد بەجیا باسیان لێوەکراوە.

**کلیلە وشە** کێشەی ئەرمەن ،کورد ،دەوڵەتی عوسمانی ،نیۆرك تایمز، ئەمریکا

## ١. پێشەکی

کێشەی ئەرمەن وەك یەکێك لە بابەتە هەستیار و گرنگەکانی چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدە، یەکێک بووە لەو پرسانەی رۆژهەلات و چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی، کە لەلایەن زلهێزەکانەوە بایەخێکی زۆری پێدراوەو هەریەکەیان لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانییەوە گرنگی بەم پرسە داوەو کاری لەسەر کردووە. لەم سۆنگەیەشەوە بڵاوکراوەو رۆژنامەگەری ئەورووپایی و رۆژئاوایی سەرنجیان خستۆتە سەرو بابەت و هەواڵیان لەبارەیەوە بڵاوکردۆتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، کە لەو ماوەیەدا تادەهات وەک زلهێزێک بەرژەوەندییەکانی زیاتر لە ناوچەکە فراوان دەبوون، هاوکات لە گۆشەنیگایەکی ئاینییەوە زۆر بایەخی بەم پرسە داوە. هەر لەو پێناوەشدا رۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمریکی (The New York Times) ، کە لەوکاتەدا بەناوبانگترین رۆژنامەی ئەمریکی بووە زۆر گرنگی بەو کێشەیە داوەو بە دەیان بابەتی لە ژمارەکانیداو. لە سەر رەهەندە جیاجیاکانی بڵاوکردۆتەوە[١]، بەڵام تا ئێستا زۆر بەکەمی ئەم بابەتە لە ناوەندە ئەکادیمییە کوردییەکاندا بایەخی پێدراوە. بۆیە ئەم توێژینەوەیەمان تەرخانکردوە بۆ کێشەی ئەرمەن لەرۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمریکی لەنێوان ١٨٧٧-١٨٩٨دا، هەڵبژاردنی ئەو ماوەیەش لە بەر ئەوەیە کە ئەمە قۆناغی یەکەمی ئەو کێشەیەیە وتایبەتمەندی خۆی هەیە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی ئەگەر هەموو قۆناغەکان بەیەکەوە وەربگیرێت ئەوا لەبەر زۆری بابەتەکان لە توێژینەوەیەکی لەمجۆردا جێگای نابێتەوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا خستنەرووی کێشەی ئەرمەنە بەپێی سەرنج و روانگەی رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز، هەروەها مەبەست ئەوەیە کە تیشکێکی زانستی بخرێتە سەر

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان

بەرگی ١، ژمارە ١ (٢٠١٨)

بەرواری وەرگرتن في ٢٣ کانونی دووەم ٢٠١٨؛ پەسەندکرا لە بەرواری ١٦ تەموزی ٢٠١٨ پەڕەی توێژینەوەی ڕێکخراو: لە بەرواری ١٣ ئابی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە

ئیمەیلی توێژەر : Hoshmand.ali@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٨ ، پ. ی. د. هۆشمەند علی محمود، پ. ی. د. سامان حسین ئەحمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND ٤.٠

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v1n1y2018.pp96-107

هەڵوێستی ئەم ڕۆژنامەیە لە سەر ڕەهەندە جیاجیاکانی ئەم کێشەیە، ئەویش پشتبەست بە ئاوێتەکردنی چەند میتۆدێکی زانستی و لە پێش هەموشیانەوە میتۆدی مێژوویی و خستنەڕووی دەقەکان. هەروەها شرۆڤەکردن و شیکردنەوە و بەراوردکاری لەو شوێنانەدا کە پێویست بوون. بۆ ئەم کارەش پشت بە چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی سەرەکی و ناوەندیو بەچەند زمانێکی جیاواز بەستراوە، لەوانە: (کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا) ؛ (هوگر طاهر توفيق، الكرد والمسألة الارمنية) ؛ (بول اميل، تاريخ ارمينيا) لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی دیکە کە لەلیستی سەرچاوەکاندا ریزبەند کراون. سەرەڕای ئەمە، ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز سەرچاوەی سەرەکی توێژینەوەکەیەو هەوڵدراوە بەشی هەرە زۆری ئەو بابەت و هەواڵانەی تایبەت بە ئەرمەن لەنێوان ساڵانی ١٨٧٧-١٨٩٨ بڵاویکردونەتەوە لەم توێژینەوەیەدا بەکاربهێنرێن.[٢]

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە، تەوەری یەکەم کورتەیەك دەربارەی ئەرمەن کە بە شێوەیەکی گشتی باس کراوە. تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ کێشەی ئەرمەن لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا لەماوەی شەڕی ڕوسیا-عوسمانی لەنێوان ١٨٧٧-١٨٧٨. تەوەری سێیەمیش تایبەتە بە کێشەی ئەرمەن لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەنێوان ١٨٨٠-١٨٨١. هەرچی بە تەوەرەی چوارەمە تایبەتە بە باس و خواسی ئەو کێشەیە لەماوەی نزیك بوونەوەی کوردو تورك تا ڕووداوەکانی ١٨٩٥). لە تەوەری پێنجەم و کۆتاییشدا کێشەی ئەرمەن و ڕووداوەکانی نێوان ١٨٩٥-١٨٩٨ خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و هەریەکە لە ڕووداوەکانی کێشەکە، ریفۆرمی دووەم، هەڵوێستی نیویۆرك تایمز بەرامبەر زلهێزەکان و هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد بەجیا باسیان لێوەکراوە. لە کۆتاییشدا پوختەی ئەنجامەکان خراونەتەڕوو.

## ٢. کورتەیەك دەربارەی ئەرمەن

ئەرمەنەکان لە نەتەوە هەرە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، خاوەنی شارستانێتی و مێژوویەکی دێرینن، (ئەمین، ٢٠٠٥: ١٩٦). وڵاتەکەیان، ئەرمینیا / ئەرمەنستان، کەوتۆتە سەرو سەرچاوەکانی فوراتەوە، لای گۆمی وانەوە لەگەڵ کوردستاندا دراوسێیە. یەکەم دەوڵەتیان لە سەدەی شەشی پ.ز دامەزراوەو لەسەردەمی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا دەوڵەتی بەهێزو ژیاری پێشکەوتووی خۆیان هەبووە و پێگەیەکی دیاریان لە شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە (ئەحمەد، ١٩٧٥: ٨٩). بەڵام سەربەخۆیی ئەرمەنستان زۆری نەخایاندوەو کەوتوونەتە ژێر دەستی ڕۆمان ودواتریش چەند جارێك کەوتنە ژێر دەستی ئێرانییەکان. لە ٣٨٧ زاینی ئەرمینیا لەنێوان دەوڵەتی ساسانی ئێران و دەوڵەتی بێزەنتیدا دابەشکراوە. لەسەرەتای سەدەی هەشتەمیشەوە ئەرمینیا بووە بەبەشێك لە دەوڵەتی عەرەبی-ئیسلامی. لە ناوەندی سەدەی یازدەوە دیسان کەوتەوە ژێر دەستی بێزەنتیەکان و ئینجا سەلجوقیەکان. تەترو مەغۆلەکانیش لە ناوەندی سەدەی سیازدەدا بەشی خۆیان کاولکاریان بەسەر ناوچەکەدا هێناوە. لەنێوان سەدەکانی شازدەو هەژدەدا ئەرمینیا بووە بە یەکێك لە مەڵبەندە گرنگەکانی ناکۆکی و شەڕی داگیرکارانەی نێوان تورکیای عوسمانی و ئێرانی سەفەوی و ئەمەش ئەوەندەی دیکە بۆتە هۆی دواکەوتنی ئەرمەنەکان (ئەحمەد، ١٩٧٥: ٩٠). لە ١٦٣٩ دا ئەرمینیا لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا دابەشکراوەو بەشی ڕۆژهەڵاتی خراوەتە سەر دەوڵەتی سەفەوی و ڕۆژئاواشی خرایەسەر دەوڵەتی عوسمانی. بەڵام دواتر بەهۆی دۆڕانی ئێرانەوە لە شەڕی ١٨٢٦-١٨٢٨ لەگەڵ ڕوسیا و بەپێی پەیمانی تورکمانچای ١٨٢٨ ئەرمینیای ڕۆژهەڵات بوو بە بەشێك لە ڕوسیا (ئەحمەد، ١٩٧٥: ٩٠، ٩١). کەواتە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ئەرمەنەکان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا دابەشبووبوون و بەشێکی کەمیشیان لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا دەژیان.

ئەرمەنەکان مەسیحیین وخاوەن کڵێسای تایبەتی خۆیانن کە بەکڵێسای گریگۆری (GREGORIAN) ناسراوە، ئەویش وەک ئاماژە بۆ ئەوەی کە لە سەدەی سێدا سانت گریگۆری کوڕی میر ئاناک توانی ئاینی مەسیحیان تێدا بڵاوبکاتەوە (اميل، د.ت: ١٤-١٨).

لەژێرسایەی دەوڵەتی عوسمانیشدا، هەرچەندە ئاینی مەسیحی بە فەرمی ناسرابوو، بەڵام هەرگیز مەسیحییەك هەموو ئەو مافانەی نەبووە کە موسڵمانێك هەیبووە، زۆر جاریش ستەمی ئاینیان لە بەرامبەریان ئەنجام داوە بەو بەهانەیەوە توشی چەوساندنەوەو ئازاردان و کوشتن و تاڵان کردن بوون. لەسەدەی هەڤدەهەمەوە، وڵاتە زلهێزەکانی ئەوروپا ئەم جیاوازی و چەوساندنەوە ئاینییەی مەسیحییەکانیان کردەیەکێک لە بیانووەکانی خۆخزاندنە ناوچەکەوە ولەم سۆنگەیەشەوە جگە لە هەوڵە دیپلۆماتی و سیاسییەکانیان هاوکات بە دەیان نێردەی مسیۆنەری (missionary) جیاجیان بەناوی یارمەتی دان و پارێزگاری کردن لە مەسیحییکانەوە نارده ناوچەکە وبنکەی بەهێزیان تێدا دامەزراند (ئەمین، ٢٠٠٥: ل١٩٦).

مسیۆنەرە ئەمریکیەکانیش لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە و بە دیاریکراویش لە ١٨١٩ەوە هاتنە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و سنوری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەتایبەتی (یەحیا، ٢٠٠٧: ٦٩، ٧١ ). هەر لە سەرەتای هاتنیشیانەوە بۆ ناوچەکە یەکێك لەو گەلانەی زۆر بایەخیان پێداوە ئەرمەن بووە لەنێو ئەو شەش گەلەی کە لەناوچەکەدابوون (تورك، گریك، ئەرمەن، بولگاری، عەرەب، کورد) ( Umit, 2014: 22-23). لە بەرئەوەی کە ئەرمەنەکان لە هەموو گەلانی تر و بگرە لە ئاینزا مەسیحییەکانی دیکەش زیاتر بە پیر بانگەشەی مسیۆنەرە ئەمریکییەکانەوە دەچون کە پرۆتێستانتی بوو و پێیان کاریگەر بوون، هەربۆیەش مسیۆنەرە ئەمریکییەکان زیاتر لە ئەرمەنەکان ڕازی بوون و بایەخیان پێدەدان. ئەمەش لە بەرهەمەکانی ئەواندا بەڕوونی دەردەکەون، بۆنموونە بارتلەت (Bartlett)ی مسیۆنەری ئەمریکی بەراشکاوی دەڵێت گەیشتن بە ئیسلامەکانی دەوڵەتی عوسمانی قورسە، بەڵام لەهەموو نەتەوەکان ئاسانترو گونجاوتر لەگەڵ ئەواندا ئەرمەنەکانن، کە لە ناوچەکانی تورکیاو ئێرانیش هەن. ئەوان هەر لە کۆنەوە مەسیحین و خەڵکی دیارو خاوەن کاری ناوچەکەن دەکرێت بڵێین "ئەنگلۆ سەکسۆنی" ڕۆژهەڵاتن. زۆر چالاکن خاوەن پیشەو بانکی ئەستەنبول و بازرگانی ڕۆژئاواو ناوەڕاستی ئاسیان (Bartlett, ١٨٧٢: ٧٠-٧٣).

هەربۆیە لە کاتێکدا کە کێشە کەوتە نێوان ئەرمەن و دەوڵەتی عوسمانی و وردە وردە ئەم دیاردەیە لە شێوەی قەیرانێک دەرکەوت ئیدی مسیۆنەرە ئەمریکییەکان کەوتنە لایەنگیری ئەرمەنەکان و بە هەموو شێوەیەک کەوتنە بەرگریکردن لەوان و لەمڕووەشەوە لەو ماوەیەدا جگە لەوەی لە کارە مسیۆنەری و کۆڕ و سمینارەکانیان و تۆمارو یاداشتەکانیاندا بابەتی ئەرمەن بایەخی زۆری پێدرا هاوکات هەر لەو ماوەیەشدا ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، کە وەک زمانحاڵی سیاسەتی ئەمریکا بوو لەو کاتەدا و بابەتێکی زۆری

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v1n1y2018.pp96-107

دەربارەی کێشەکە بڵاوکردۆتەوە وهەڵوێستی خۆی لەبارەوە دەربڕیوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لەهەڵویستی مسیۆنەرەکانەوە نزیک بووەو کاریگەری ئەوانی بەسەرەوە بووە.

## ٣. کێشەی ئەرمەن لەماوەی شەڕی ڕوسیا- عوسمانی ١٨٧٧-١٨٧٨

لە ١٨٧٧-١٨٧٨دا شەڕی ڕوسی-عوسمانی لە ئەنجامی قەیرانی باڵکانی ١٨٧٥ ڕوویدا، کە تیایدا دەوڵەتی عوسمانی شکستی گەورەی خوارد و هێزی ڕوسیا تا ناو ئەرزەڕۆم هات و لەولاشەوە گەیشتە نزیکی ئەستەمبول، ئەمەش وایکرد زلهێزەکان فشار بخەنە سەر ڕوسیا بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە، لە ژێر ئەم فشارەشدا بەپێی ئاگربەستی ئەدرنە لە ٣١ی کانونی دووەمی ١٨٧٨دا شەڕەکە وەستا.[٣]

ڕووداوەکانی ئەم شەڕە و لێکەوتەکانی و دۆخی ئەرمەن لەو ماوەیەدا بوون بە جێی بایەخی بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامە بە ناوبانگەکانی ئەو کاتە بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیشەوە، کە زیاتر لێرەوە سەرەتاکانی گرنگی دانی ئەو بە کێشەی ئەرمەن دەردەکەوێت و دەست دەکات بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان دەربارەی ئەم کێشەیە. ئەم شەڕە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورەی لەسەر ئاستی ململانێی زلهێزەکان لە ناوچەکە و کێشەی ئەرمەن لە تورکیا و پەیوەندی کورد وئەرمەن هێنا ئاراوە[٤]، کە زۆربەیان بوون بە بابەتی نیۆیۆرک تایمز و لە ژمارە جیاجیاکانیدا ئاماژەی پێکردوون، لەوانە لە ڕۆژی ٣١ی ئازاری ١٨٧٧دا ئەو ڕۆژنامەیە بابەتێکی بەناونیشانی: کاروباری ناوخۆیی تورکیا (Internal Affairs of Turkey) ئاڵۆزی لەنێو هۆزە کوردییەکاندا، مەرگی مەسیحیەکان، وتاڵانکردنی کاروانەکان و خۆبەخشی میسرییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا ئاماژە بەوەدەکات کە لە ڕۆژی ٣٠ مارسدا ڕۆژنامەکانی ڕوسیا هەواڵێکیان بڵاوکردۆتەوە کە لە پاشیلکی دیاربەکر لە ئەرمینیا دانیشتوانەکە یاخی بوون و بەرانگاری بڕیاری بەزۆر چەکدارکردنیان کردووە ( The New York Times, March ٣١, ١٨٧٧).

ناوچەی کارس و خێرایی کەوتنی ئەرزرۆم و داگیرکردنی ئەرمینیا لەلایەن ڕوسیاوە وروژان و دڵەراوکێیەکی گەورەی لە بەریتانیا خستۆتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەم ناوچانە بایەخی گەورەیان بۆ بریتانیا هەیەو بەتایبەتیش لەبەرئەوەی کۆنترۆڵکردنی ئەرمینیا لەلایەن ڕوسیاوە ڕێگای نێوان بریتانیاو هیندستان دەخاتە مەترسییەوە. هەر لەم سۆنگەیەشەوە ڕۆژنامەکە بۆچوونی سێ کەسایەتی بریتانی هێناوەتەوە ئەوانیش هینری لایارد، کە ئەوکات باڵیۆزی بریتانیا بوو لە ئەستەمبوڵ، هەروەها کاپتن بێرنبی (Captain Burnaby) و سێنەتۆر ماکێنتاش (Cen- Macintash) کە لەبارەی کوردستانەوە نووسیویانە، ئەو ڕۆژنامەیە لە بۆچوونەکانی ئەم سیانەدا ئەوە هەڵدەهێنجێت و پشتراستی دەکاتەوە، کە کۆنترۆڵکردنی ئەرمینیا لەلایەن ڕوسیاوە وا لە ڕوسیا دەکات لە ئاسیای ناوەڕاست دەست واڵابێت و بگاتە سەر هەردوو ڕووباری دیجلەو فورات و لەوێشەوە لەچەند هەرێمێکی ئێران لەسەر دەریای خەزەر نزیک بێتەوەو بەرێککەوتنیشی لەگەڵ ئێراندا بگاتە ئەفغانستان ، بەمەش ڕێگای نێوان بریتانیاو هیندستان بخاتە ژێرباری خۆیەوە ( The New York Times, December ٢, ١٨٧٧)، هەر لەهەمان مانگدا بابەتێکی تری لەسەر هەمان پرس بەناونیشانی: داگیرکاری ڕوسیا لە ئەرمینیادا (Russian Conquest in Armenia) نووسیوە و تیایدا ئاماژە بە بابەتێکی مارشاڵ موڵتکە (Moltke) دەکات دەربارەی بایەخی ئەرمینیا بۆ ڕوسیاو بریتانیا، کە بەهەمان شێوەی بابەتی یەکەم باس لەوەدەکات ئەگەر ڕوسیا بچێتە ناو ئەرمینیاوە ئەوە سەرەتای کۆنترۆڵکردنی فورات دەبێت و بەوەش ڕێگای نێوان بریتانیاو هیندستان دەخاتە مەترسییەوە و دەبێتە مەترسی بۆ چالاکییەکانی بریتانیا لەناوچەکەدا (The New York Times, December ١٦, ١٨٧٧).

ڕاستییەکەی خستنەڕووی ئەم بابەتانە لەو کاتەدا لە پاڵ ئەوەدا کە بابەتی ڕۆژنامەوانی ڕۆژبووە و خستنە ڕووی دۆخی باوی ئەوکاتە بووە هاوکات بە دیۆیکی تردا بەشێک لە مەبەستەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لەم کارەدا دەرخستنی بایەخ و گرنگی شوێن و پێگەی جوگرافی و ستراتیجی ئەرمەن بووە بۆ زلهێزەکان بەتایبەتیش ڕوسیاو بەریتانیا، ئەویش بە مەبەستی ئەوەی سەرنجیان بۆ ناوچەکانی ئەرمینیاو گرنگیەکەی ڕابکێشێت، بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بێننەدەر. لەبەرئەوەی لەوکاتەدا مسیۆنەرەکان ڕەنگڕێژکەری سیاسەتی ئەمریکابوون لە ناوچەکەدا بۆیە پێیان وابوو وا باشترە هەر لانیکەم ئەرمەنەکان وەک گەلێکی مەسیحی لەژێردەسەڵاتی وڵاتێکی ئیسلامییەوە بچنە ژێردەسەڵاتی وڵاتێکی مەسیحی، بە تایبەت کە ئەمریکا خۆی وەك هێزو سوپا لەناوچەکەدا ئامادەگی نەبووە، نەیتوانیوە ئەم کارە ئەنجام بدات، کە ئەم سیاسەتەش لە ژمارەکانی ساڵانی دواتردا زیاتر دەردەکەوێت.

## ٤. کێشەی ئەرمەن لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەنێوان ١٨٨٠-١٨٨١دا

شەڕی١٨٧٧-١٨٧٨بە ئاگربەستی ئەدرنە لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٨٧٨ کۆتایی هات، دواتریش پەیماننامەی سان ستیڤانۆ (San Stefano) بەسترا[٥]، لەو کاتەشدا ئەرمەنەکان توانیان دەنگی خۆیان بگەیەننە زلهێزەکان، بەتایبەتی ڕوسیا، سەرەنجام ماددەیەکی پەیماننامەکە کە ماددەی ١٦ بوو دەربارەی مافەکانی ئەرمەن لە دەوڵەتی عوسمانی بوو، تیایدا داوای چاکسازی و باشترکردنی ژیان لەناوچە ئەرمەنشینەکان دەکات و داوای گرەنتی پاراستنی ئەرمەنەکان لە دەستدرێژی کوردو چەرکەس دەکات، بەڵام دواتربە هۆی کێشەکانی نێوان بریتانیاو ڕوسیاوە لە سەر مانەوەی ڕوسیا لە ناوچەکەدا ئەم پەیماننامەیە سەری نەگرت و پەیماننامەی بەرلین (Berlin) لە تەمموزی ١٨٧٨ بەسترا[٦]. کە لەم پەیماننامەیەدا تارادەیەك کەمتر بایەخ بەداواکارییە نەتەوەییەکانی ئەرمەن درا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی چاکسازی لەناوچەکانی ئەرمەندا لە بەندی ٦١ی پەیماننامەکەدا جێگیرکرابوو، بەڵام کلێشەی کۆتایی چاکسازییەکە لەلایەن بریتانیا و دەوڵەتی عوسمانییەوە بووە جێی مشتومڕو دانەنرا تا ئەو کاتەی لە ١٨٨١ بە تەواوی پشتگوێ خراو نەخرایە بواری جێ بەجێ کردنەوە[٧].

ئەوەی بەدیدەکرێت لە دوای ڕێکەوتنامەکەوە ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزیش کەمتر بابەتی دەربارەی ئەرمەن بڵاوکردۆتەوە تا١٨٨٠، بەڵام لەو ساڵەدا دوای پشتگوێخستنی چاکسازییەکان و ئاوەڕنەدانەوەی زلهێزەکان لە ئەرمەن جارێکی تر نیۆیۆرک تایمز بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زلهێزەکان بەلای ئەرمەنەکاندا چەند بابەتێکی دەربارەی برسییەتی و قات و قڕی لەناوچەکانی ئەرمەن نووسیوە. لەوانە لە نیسانی١٨٨٠دا بابەتێکی بەناونیشانی: برسیەتی لە ئەرمینیا (Famine in Armenia) نوسیووە، کە باس لەنامەیەك دەکات دەربارەی برسییەتی لە ئەرمینیا و دەڵێت تەنها لەوان ٥٢ کەس لەبرسان مردوون، هەروەها بە هەزاران جوتیار لە هەوڵی کۆچکردندان بەرەو ناوچەکانی ئێران، بەڵام بەفرو سەرماو سۆڵە ئاستەنگەو تووشی تەنگ و چەڵەمەی زۆریان دەکات (The New York Times, April ٣, ١٨٨٠). هەروەها لە بابەتێکی تردا کە لە

مایسی هەمانساڵدا بڵاویکردۆتەوە، باس لەوە دەکات کە ٧٠٠$ کۆکراوەتەوەو نێردراوە بۆ قوربانیانی قاتوقڕیەکەی ئەرمینیا (The New York Times, May ٤, ١٨٨٠). لە ١٨٨١دا نیویۆرک تایمز زیاتر گرنگی بە کێشەی ئەرمەن دەدات و لە چەند بابەتێکدا هەوڵ دەدات ئەوە روون بکاتەوە کە دۆخی سیاسی و دیمۆگرافی ئەرمەنەکان لە مەترسیدایە، لەم رووەشەوە لەمانگی شوباتدا بابەتێکی بەناونیشانی: سیاسەتی تورکیا لە ئەرمینیا (Turkish Policy in Armenia) بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا باس لەوەدەکات تورکیا هەوڵدەدات لەرێگای راگواستنی موسڵمانەکانەوە بۆ ناوچە ئەرمەنییەکان دیموگرافیای دانیشتوان بگۆڕێت و لەم رووەشەوە رێگا نادات هیچ ئاماریکی فەرمی و نافەرمی لەناوچەکە ئەنجام بدرێت. هەروەها باس لەوەدەکات سوڵتان (مەبەستی لە سوڵتان عبدالحمیدی دووەمە) دەیەوێت بەو ئاقارەدا بڕوات کە ئەرمینیا لەسەر نەخشە بسڕێتەوە و لێرەوە ئەو ناوچانە بە کوردستان بزانێت. هاوکات باس لەوەدەکات کە لە ئەستەمبوڵ سەرجەم وێنەی پادشاو پاڵەوانە ئەرمەنە کۆنەکان دەست بەسەرکراون و فرۆشیارەکان زیندانی کراون. هەر لەم بابەتەشدا دەڵێت ئەگەر لەناوچەکانی ئەرمینیا رابوێتێك نەبێت ئەوا تا دێت سوکایەتیکردن پێیان زیاتر دەبێت (The New York Times, February ٢٠, ١٨٨١). لەم بابەتەدا جگە لە خستنەرووی دۆخی خراپی ئەرمەن و سیاسەتی عوسمانییەکان لە بەرامبەریان، هاوکات ئاماژە بە دیاردەی نزیکبوونەوەی نێوان تورک و کورد دەدات کە لەو کاتەدا تا دەهات زیاتر رووندەبۆوە، لە لایەکی دیکەشەوە دەیانەوێت ئەرمەنەکان بۆ راپەڕین هان بدەن و زلهێزەکانیش لەم دۆخە ئاگادار بکەنەوە. هەرلەهەمان ساڵیشدا بابەتێک دەربارەی ریفۆرم بەناونیشانی: ریفۆرم لە ئەرمینیا (Reforms in Armenia) بڵاودەکاتەوە، کە تیایدا بە روونی ئەو دۆخە دەخاتە روو کە پرسی چاکسازی لە ناوچە ئەرمەنییەکاندا لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و زلهێزەکانەوە پشتگوێ خراوە و تەنها بریتانیا پەرۆشی چاکسازییەکانی ئەرمەن بووە لەو کاتەدا، ئاماژەش بە هەوڵی بریتانیا دەکات بۆ رازی کردنی سوڵتان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم، کە باڵیۆزی بریتانیا لە ئەستەمبوڵ دەڵێت چەندین نوێنەرم ناردۆتە لای سوڵتان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لە ئەرمینیا، بەڵام سوڵتان و وەزیری دەرەوەی هیچ ئارەزوویان لە ریفۆرم نییە لەو وڵاتەدا، بەڵام باڵیۆزەکانی دیکە ئەم کارەیان پشتگوێ خستووە تەنها باڵیۆزی بریتانیا نەبێت کە لەبیری ناکات (The New York Times, August ١٧, ١٨٨١).

## ٥. کێشەی ئەرمەن لە ماوەی نزیک بوونەوەی کورد وتورک تا رووداوەکانی ١٨٩٥

لە دوای شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ی نێوان روسیا_عوسمانییەوە قوناغی نزیکبوونەوەی کورد و تورک و لێک دوورکەوتنەوەی کورد و ئەرمەن دێتە ئاراوە. لە راستیدا لە دوای دابەشکارییەکانی دوای شەڕی چاڵدێرانەوە لە ناوچەکەدا و دوای دەرکەوتنی میرنشینە کوردییەکان، مەسیحییەکی زۆر کەوتنە ژێرحوکمی میرنشینە کوردییەکانەوە بە تایبەتیش لە ناوچەکانی بۆتان و بەتلیس، بەپێی زانیاری سەرچاوە مێژووییەکان لە سەرەتادا پەیوەندی نێوان ئەم دوو گەلە تا رادەیەکی زۆر باش بوو و کێشەیەکی وا لە ئارادا نەبوو، بەڵکو بە هۆی نیزیکی کێشەکانیانەوە تا رادەیەک هاوهەڵوێست بوون لە دژی دەوڵەتی عوسمانی (تۆفیق، ٢٠١٢ :٢٣-٤٤). بەڵام لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە پەیوەندییەکانیان بەرەو تێکچوون چوو، زیاتریش لە دوای دەرکەوتنی بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان لە ناوچەکەداو بە تایبەتیش روسیا و بریتانیا و نزیکبوونەوەی ئەرمەنەکان لە زلهێزەکان و دواتر هەوڵدان بۆ بە دەستهێنانی پشتیوانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەرمەنی کە چەند ناوچەیەکی کوردستانیشی تێدەکەوت، هەروەها هاتنی مسیۆنەرەکان بۆ ناوچەکە و کارکردن لەسەر نانەوەی کێشەی ئاینی لەنێوان موسڵمانەکان و مەسیحیەکان لە ناوچەکە و لێرەشەوە تێکدانی پەیوەندیەکانی کورد و ئەرمەن. لە ئەنجامیشدا نێوانی کورد و ئەرمەن وەک باسکرا لە شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ ەوە کێشەی تێکەوت و تا دەهات خراپتر دەبوو بەو رادەیەی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەوە ئیدی بە تەواوی هێرشەکانی کورد و ئەرمەن بۆ سەر یەکتر زیادی کرد. دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دەدا ئەوەندەی دیکە کێشەکە گەورە بکات بە تایبەتی لە دوای دامەزراندنی سوارەی حەمیدیە لە ١٨٩١، سەرەنجامی ئەم دۆخەش واتا لە ئەنجامی دوورکەوتنەوەی کورد و ئەرمەن لەو ماوەیەدا کورد و تورک لێکنزیکبوون (توفیق، ٢٠١٢: ٤٥-٤٧).

بە دوورکەوتنەوەی کورد و ئەرمەن ئەمریکییەکان ئەوەندەی دیکە برەویان بە هەڵوێستی پێشویاندا کە وەک ئاماژەی پێکرا بریتی بوو لە ناشرین کردنی کورد لەم کێشەیەدا. ئەم هەڵوێستەشیان زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە نێوانی کورد وئەرمەن بەرەو خراپی دەچوو. بە بێ گەڕانەوە بۆ بنەچەکانی کێشەکەو گەڕان بە دوای هۆکارە راستەقینەکانی ئەم هەڵوێستەی کورد و سلکردنەوەی لە ئەرمەن، کە زیاتر پەیوەندی بە زلهێزەکان و پشتیوانیکردنیان لە دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوەیی ئەرمەنی بوو وەک باسکرا بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانیشی دەگرتەوە، بەڵکو ئەم هەڵوێستەی ئەمریکییەکان زیاتر لە روانینێکی مسیۆنەرانەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە وەک پێشوتر باسکرا ئەوان خۆیان زۆر بە نزیکی ئەرمەن دەزانی لە کاتێکدا لە بەر ئەوەی کورد موسڵمان بوون و کەمترین وەڵامدانەوەیان بۆ بانگەشە مسیۆنەرییەکانیان هەبوو، بۆیە هەڵوێستیان بەرامبەر بە کورد نەرێنی بوو. بۆ نمونە یەکێک لە مسیۆنەرەکانیان لەبارەی کوردەوە بەراشکاوی دەڵێت زۆر لەژێر باری ئایندان و نەخوێندەوارن و دڵرەق و تاڵانچین و بەدەگمەن دەکەونە ژێرباری ئیمەی ئەمریکییەوە (Marsh,١٨٦٩: ١٠١).

ئەم هەڵوێستەی مسیۆنەرەکان بە تەواوی لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزیشدا رەنگیداوەتەوە هەر لە ١٨٧٧ەوە تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەرمەنیش هەر بەردەوام بووە. لەم رووەشەوە لەساڵی ١٨٨٩ نیویۆرک بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا باس لەوەدەکات لەلایەن گلادستۆن (Gladstone) وچەند کەسێکی ترەوە کورد بەوە تۆمەتبار دەکرێت، کە دەبنە مایەی بێزارکردن و تووڕەکردنی مەسیحیەکانی ئەرمینیاو ئاسورییەکان، کە رەنگە بیێتە هۆکاری ئەوەی لەلایەن سوڵتانەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت. دەربارەی جێبەجێکردنی بەندەکەی پەیماننامەی بەرلین سەبارەت بە پاراستنی ئەرمەن لە هێرشی کوردەکان، ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی عوسمانی لەبەرئەوە بەرزەوتکردنی کوردەکانی پشتگوێ خستووە، چونکە لەم شەڕانەی دواتر روویانداوە خۆیان سەلماندووە، کە ئەگەر هەیە جارێکی تریش ئەو شەڕانە رووبدەنەوە، یان لەبەرئەوەیە، کە رەنگە جارێکی تریش ئەو دڕندەییەی کورد سەرهەڵدابێتەوە کە پێشتر ناوە ناوە رویداوە، هەروەها باس لەوەدەکات سوڵتان دەڵێت ئەم چالاکیانەی دواتری کوردەکان لەژێر کاریگەریی ئێران بووەو کارەکانی ئێستاشیان رەنگە بەپیلانی روسیا بێت. رۆژنامەکە دەڵێت هەرچەندە بەڵگەی سەلماندنی ئەو بۆچوونەی دەڵێت کە پیلانی روسیایە لەبەردەستدا نیە، بەڵام بۆ دڕندەیی کورد هیچ جیاوازی نییە روسیا بێت یان شوێنێکی تر گرنگ ئەوەیە هێرش بکەنە سەر ئەرمەن و ئاشووری و تاڵانیان بکەن و بیانکوژن و بیانڕفێنن، لە کۆتاییشدا دەڵێت، کە سوڵتان

بۆخۆی هەوڵ دەدات ئەو دەستدرێژیانەی سەر ئەرمەن نەهێڵێت (The New York Times, September ٢٣،١٨٨٩). لەم بابەتەدا بە روونی لایەنگری ئەو رۆژنامەیە دەردەکەوێت و هیچ جیاوازییەک لە نێوان زمانی ئەو و زمانی سیاسییەکی ئەرمەن بەدیناکرێت، ئەمە لە کاتێکدا لەم بابەتەدا رۆژنامەکە لێکدانەوە بۆ لێکنزیکبوونی تورک و کورد دەکات، بەڵام دەیبەستێتەوە بەوەی کە کورد لە شەڕەکانی دواتردا لە پاڵ دەوڵەتی عوسمانیدا بەشدار بوون و رۆڵیان هەبووە، هیچ ئاماژە بە هۆکارە راستەقینەکان ناکات کە پەیوەندیان بە ویستی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەرمەنە لە سەر حیسابی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان کە ئەمە مایەی نیگەرانی کورد بووە لەو کاتەدا. هەر لەوساڵەشدا بابەتێکی دەربارەی بەردەوامی بێ سەروبەرەیی لە ئەرمینیا بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا باس لە تاڵان و بڕۆ و کوشتنی ئەرمەن دەکات، کە لەلایەن کوردەکانەوە لە دەوروبەری وان ئەنجام دەدرێت (The New York Times, December ٢٢،١٨٨٩).

لە ١٨٩٠دا نیویۆرک تایمز هەر دەربارەی کێشەی ئەرمەن چەند بابەت و هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا زیاتر جەخت لەسەر دەرخستنی کورد وەك لایەنی سەرەکی دڕندەیی دەکاتەوە. لە هەواڵێکدا بەناونیشانی: کرداره دڕندەییەکان لە ئەرمینیا (Atrocities in Armenia) باس لەوە دەکات کە هەواڵەکان لەبارەی ناوچەی موش، واتە ئەرمینیا، باس لەوەدەکەن کە ئێستاش ئەو ناوچانە رووبەرووی کرداری دڕندەیی دەبێتەوە لەلایەن باندە کوردییەکانەوە کە رۆژانە هێرش دەکەنە سەر گوندەکانیان وبەروبومەکانیان دەسوتێنن (New York Times, August ٢٨،١٨٩٠). لەراستیدا ئەم رۆژنامەیە ئاماژەی بە هێرشەکانی کورد بۆ سەر ئەرمەن کردوە و بە زمانێکی زۆر زبریش باسی کورد دەکات. کەچی لەو ماوەیەدا لەلایەن چەکداری پارت و رێکخراوە ئەرمەنییەکانەوە هێرش دەکرایە سەر هۆزە کوردەکان.

جگە لە بابەتی کورد، هاوکات لەو ماوەیەدا نیۆیۆرک تایمز لە چەند بابەتێکی تردا دەیەوێت بە زلهێزەکان ورای گشتی رابگەیەنێت کە دۆخی ئەرمەنەکان زۆر خراپەو و ناوچە ئەرمەننشینەکان لە مەترسیدان و پێویستە بە هانایانەوە بچن، ئەگەرنا ناوچەکە بەرەو مەترسی دەچێت. لەم رووەشەوە بابەتێکی دەربارەی مەترسی زیادبوونی پشێوی لەناوچەکانی ئەرمینیا بڵاوکردۆتەوە، کە دەڵێت لەدوای تێکچوونی پەیوەندی نێوان تورکیاو روسیاو بولگاریا دۆخەکە تەنها پێویستی بە پڕوشکێکە بۆ گڕگرتنی رۆژهەڵات، بەتایبەت دوای کوشتنی قەشەی ئەرزرۆم کەپێش چەند هەفتەیەك لەلایەن سەربازەکانی تورکیاوە، بۆیە کورد لەناوچەکەدا بڵاویان کردووە و سوپای عوسمانی تۆقاندن و ترسی بەناوی فەرمانەوە بڵاوکردۆتەوە (The New York Times, July ٢٧،١٨٩٠). لە دوای ئەوەش هەواڵێکی دیکەی بەناونیشانی: هەڕەشە لە ئەرمینیا (A Threat from Armenia)هوە بڵاوکردۆتەوە، کە هەواڵێکە لە ئەستەمبوڵەوە باس لەوەدەکات گوایە کۆمیتەی ناوەندی نهێنی ئەرمەنی نامەیەکی بۆ زلهێزەکان ناردووەو روونی کردۆتەوە کە ئەگەر حکومەتی تورکیا ئەو سکاڵایانەی لە دژی پشتگوێ خستنی چاکسازی بەهەند وەرنەگرێت ئەوا ئەگەری دەرکەوتنەوەی مەترسی مسۆگەرە (The New York Times, August ٣١،١٨٩٠).

لەبابەتێکی دیکەشدا کە هەر لەوساڵەدا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی: قڕکردن لەسەر زەوی تەوراتدا (Discontent in the Land of Eden)، باس لە هەمان مەترسی دەکات و دەیەوێت دۆخی خراپی ئەرمینیا بخاتە روو و هەوڵدەدات هەستی ئاینی ئەوروپییەکان بوروژێنێت و زۆربەزمانێکی مسیۆنەرییەوە باس لەوەدەکات ئەو ناوچەیەی کە دەبوو شوێنی خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی بێت کە ئەرمینیای ئێستایە کەچی خەڵکەکەی لەبەر تەنگ و چەڵەمەو ناخۆشی بەرەو ناوچەکانی تر رەودەکەن و هەمیشە لە ئاوارەییدان و هیچ کات ئاشتی تێدانیە. لەدرێژەی بابەتەکەدا رۆژنامەکە دەیەوێت هەستی زلهێزەکان بوروژێنێت و دەنووسێت دەنگۆی ئەم قڕکردنە ناوە دەگاتە رۆژئاوا و باس و خواسی دەستدرێژی و تاڵان وبڕۆ و کۆمەڵکوژی سنور تێدەپەڕێنێت و داوای هاوکاری و بەزەیی دەکات. لە درێژەی بابەتەکەدا دەنووسێت لەوناوچەیەدا کە شوێنی کۆنترین گەلانی جیهانەو پێشتر خاوەن ئیمپراتۆریا بوون سەدان جوتیار بە پەیامنێرانی لەندەن نیوزیان راگەیاندووە رۆژانە دانیشتوانی ناوچەی ئەرزڕۆم بەرەو سنوری ئێران هەڵدێن، بەڵام زۆربەیان لەرێگادا لەلایەن چەکدارەکانی دەوڵەتەوە دەستگیردەکرێن. هەروەها باس لەوەدەکات کە ناوچەی موش و دەوروبەری نائارامەو زیندانەکان پڕن لەو ئەرمەنانەی کە لە ژێر ئەشکەنجەو لێداندان. لە هەرلا بڕوانی گوندی روخاوو کڵێسای روخاوە ئەو ناوچەیە وەك بیابانی لێ هاتووە. لە کۆتایشدا دەڵێت ئەرمەنەکان نە لە دەوڵەتی عوسمانی نە لە روسیا دا ژیانی ئاساییان هەیەو نە بەئاسایی دەتوانن بژین، ناشهێڵن ئەرمەنەکان حکومەتی خۆیان دامەزرێنن (The New York Times, September ٧, ١٨٩٠).

لە ١٨٩٢دا ئەم رۆژنامەیە رووی رەخنە دەکاتە سوڵتانی عوسمانی و وەک گاڵتەجاڕییەک بە سوڵتان بەناونیشانی: هەموو ئارامن لە ئەرمینیا (All Tranquil in Armenia) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا هەوڵ دەدات ئەوە بە درۆبخاتەوە کە سوڵتان دەیگوت ناوچە ئەرمەنییەکان ئارامن و باس لەوەدەکات کە سوڵتان ئەو هەواڵانە رەتدەکاتەوە، کە لە پیراسیۆسەوە هاتوون و باس لە شۆڕش دەکەن لە هەرێمەکانی موش و ساسون و ناوچە ئەرمەنیەکان و تورکیاش هێزی بۆ سەرکوتکردنیان ناردووە، وەك گاڵتە جارییەك دەڵێت بەقسەی سوڵتان هەموو شتێك ئارامە لە ئەرمینیا (The New York Times, June ٩, ١٨٩٢).

## ٦. کێشەی ئەرمەن و رووداوەکانی نێوان ١٨٩٥-١٨٩٨

رۆژ دوای رۆژو لەگەڵ زیاتر پەرەسەندنی کێشەی ئەرمەن و ئاڵۆزبوونی ناوچەکە، کەمتر بوونی کێشە ناوخۆییەکانی ئەمریکا و پەلهاویشتنی بەرژەوەندییە ئابووریەکانی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمریکییەکان زیاتر بایەخیان بە ناوچە ئەرمەننشینەکان دەداو بە قسەی خودی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز ناوچەی ئەرمەن بۆ ئەمریکییەکان بایەخداربوو، هەر بۆیە تا دەهات ژمارەی ئەو بابەت وهەواڵ و لێکۆڵینەوانەی کە لە رۆژنامەیەکەدا دەربارەی کێشەی ئەرمەن بڵاودەکرانەوە زیاتر دەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا وەک رۆژنامەکە دەڵێت بەربەستی فەرمی و نافەرمی لەبەردەم گەیشتنی هەواڵی رووداوەکانی ئەرمینیا بەبێ لایەنی و ووردی هەبوون هەروەها نکۆڵی کردن لە رووداوەکان هەستپێکراوە (The New York Times, December ٩, ١٨٩٤). بۆیە رووداوەکانی دوای ١٨٩٥ لەگەڵ وردەکارییەکانی کێشەی ئەرمەن لەو کاتەدا لەچاو پێشهاتەکانی پێشتر بابەتی زیاتری لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز لەسەر بڵاوکراوەتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ئەو بابەت و هەواڵانەی کە ئەم رۆژنامەیە لەو ماوەیەدا لەبارەی کێشەی ئەرمەنەوە بڵاویکردوونەوە بەسەر چەند گەیژنەیەکی سەرەکیدا دابەشبکرێن، لەوانەش ساسۆن و رووداوە کانی کێشەکە، چاکسازی دووەم لە ئەرمینیا، رۆڵی زلهێزەکانی ئەوروپا، دۆخی ناوچە ئەرمەننشینەکان، پەیوەندی کوردو ئەرمەن و هەڵوێستی رۆژنامەکە لە بەرامبەریاندا. بۆیە لەچەند گرێژنەیەکدا ئەم تەوەرانە

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v1n1y2018.pp96-107

باسدەکرێن:

### ٦,١ ساسۆن و ڕووداوەکانی کێشەکە

ڕووداوەکانی ساسۆن بە سەرەتای ڕاستەقینەی توندبوونی پێکداهەڵپژانەکانی نێوان ئەرمەن ودەوڵەتی عوسمانی دادەنرێت، لەدوای ئەو ڕوداوەوە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی توند لە نێوانی ئەو دوو لایەنە بەردەوام بوو، هاوکات ڕاوەدونان و دەستگیرکردنی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە هەر درێژەی هەبوو هەروەها لە ناوچەکانی کوردستانیشدا نێوان ئەرمەن و کورد تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. هێرشی پارت ورێکخراوە ئەرمەنیەکان بۆ سەر هۆزە کوردەکان لەلایەک و هێرشی هۆزە کوردییەکانیش بو سەر گوندە ئەرمەنەکان لە لایەکی دیکە تا دەهات فراوانتر دەبوون، تا ئەو کاتەی لە ٣٠ی ئەیلولی ١٨٩٥دا قەیرانێکی نوێ لە ڕەوتی پەرەسەندنی کێشەی ئەرمەندا. لە ئەنجامی خۆپیشاندانی پارتە ئەرمەنییەکان لە ئەستەنبول لە بەردەم کۆشکی سوڵتان ڕوویدا. ئەم خۆپیشاندانە کە بە خۆپیشاندانی بابی عالی ناسراوە بۆ داواکاری و پەلەکردن لە چاکسازییەکان بوو، ئەوە بوو خۆپیشاندەران لە ڕێگایاندا بۆ کۆشک دەستیان بە کاری ئاژاوەگێڕی کرد و لە ئەنجامیشدا حکومەت زۆر بە توندی سەرکوتی کردن. بۆیە پارتە ئەرمەنییەکان بە هەلزانی بۆ دەستپێکردنی ڕاپەڕین و بە گژاچونەوەی دەوڵەتی عوسمانی. سەرەنجام حکومەت دەستیکرد بە کوشت و بڕکردنی ئەرمەنەکان و لە تشرینی یەکەمدا لە ناوچەی ترابزۆن دەستی پێکرد ودواتر وردە وردە بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانەی گرتەوە کە ئەرمەنی تێدا بوو، کە تا کانونی دووەمی ١٨٩٦ی خایاند. لەژێر فشاری زلهێزەکان توندوتیژییەکان ڕاگیرا، بەڵام دواتر لەحوزیرانی ١٨٩٦دا لە وان و لە ٢٦ی ئابی ١٨٩٦ لە ئەستەمبوڵ، دواتریش لە زیتونی نزیک موش، جارێکی تردەست بە کوشت و بڕی ئەرمەنەکان کرایەوە کە لەم ڕووداوانەدا بە هەزاران ئەرمەنی کوژران (توفیق،٢٠١٢: ٢٥١-٢٥٦).

نیویۆرك تایمزی ئەمریکی یەکێک بووە لەو ڕۆژنامانەی کە لەو کاتەدا گرنگیەکی زۆری داوە بە گواستنەوەی هەواڵ و باس و خواسی ڕووداوەکانی ئەو کوشت وبڕەو ووردەکارییەکانی کێشەکە. لە بابەتێکدا دەربارەی ڕووداوەکانی ئەرمەنستان لە ١٨٩٥دا هەواڵێکی گلەییئامێز بڵاودەکاتەوەو ڕەخنە لە دەوڵەتی عوسمانی دەگرێت کە ڕێگری بۆ گەیشتنی هەواڵەکانی ئەرمینیا دروست دەکات و دەڵێت هەواڵێك لە ئەرزرۆمەوە هاتووە کە نێردراوەکان لەلایەن حکومەتی عوسمانیەوە ڕێگایان پێ نادرێت وەرگێڕی ئەرمەنییان لەگەڵ دابێت. ئەرمەنەکانی "ساسۆن"یش تەنها کوردی و کەمێك ئەرمەنی دەزانن و تورکی نازانن بۆیە زۆر ئەستەمە زانیاری ڕاست بەدەست بێت (The New York Times, February ٥, ١٨٩٥). لە بابەتێکی تریشدا بەناونیشانی: قەدەغەکردنی پەیامنێر لە ئەرمینیا (Correspondents Barred in Armenia) بەهەمان شێوە باس لەوەدەکات کە حکومەتی عوسمانی بە باڵیۆزی بریتانیای ڕاگەیاندووە نابێت پەیامنێر بچێتە ساسۆن تا کۆمسیۆن ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە دەکەن (The New York Times, January ٣١, ١٨٩٥).

لە ئەیلولی ١٨٩٥دا لە بابەتێکدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە تا چەند ئەو ڕووداوانە کاریگەر بوون لە سەر ناوەندی دەسەڵاتی عوسمانی وخودی بنەماڵەی فەرمانڕەوا. لەو بابەتەدا نیویۆرک تایمز کە لە ڕۆژنامەی المشیر وەریگرتووە، کە لەوکاتەدا لە میسر بڵاودەبۆوە، باسی ئەو نامەیە دەکات کە سوڵتان موارادی برای سوڵتان عبدالحمید لە زیندانەوە بۆ سوڵتانی ناردووەو تیایدا باس لە کێشەی ئەرمەن دەکات و دەڵێت باس و خواسی کێشەکە زۆر بڵاوبووەو من لە پاسەوانەکانەوە بیستومە. ئەوە دەڵێت کە ئەم کێشەیە ڕای گشتی ئەوروپییەکانی وروژاندووەو داوای لێدەکات کارێك نەکات ئەوروپییەکان لە خۆی بوروژێنێت بۆئەوەی بواری دەستێوەردانیان نەمینێت. هەروەها باس لەوەدەکات کە باڵیۆزەکان داوایان لە سوڵتان کردووە یەکێتیەك لە هەرێمەکانی ئەرزرۆم، یەریڤان، بەتلیس، خەرپوت و سیواس دروست بکات لەژێر سایەو کۆنترۆڵی هێزەکان.(The New York Times, September ٢٢, ١٨٩٥)

لە بابەتێکی تردا کە بەناونیشانی: ترس لە قوستەنتینیە (ئەستەمبۆڵ)، تەنها بەرێککەوتنی زلهێزەکان لەوانەیە بتواندرێت ئیمپراتۆریەت ئارام بکرێتەوە ( Fear in Constantinople: only Harmony of the powers May Tranquilize the Empire ) بڵاویکردۆتەوەو ئەو دۆخە نائارام و مەترسیدارە دەخاتە ڕوو کە لەو کاتەدا لە تورکیا بە گشتی وئەستەنبوڵ بە تایبەتی ڕووبەڕووی ئەرمەن و بیانییەکان بۆتەوە. دەڵێت ئەستەمبۆڵ لەسەر گڕکاندایەو کەس نازانێت چی ڕوودەدات و چی لە تورك و ئەرمەن و ئەوروپییەکان دێت، باس لە دڵە ڕاوکێی ئەوروپییەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی دەکات. هەروەها باس لەوەدەکات کە ئەرمەنەکانیش زۆر لە هەڵوێستی زلهێزەکان بێزارن و دەڵێن داخۆ کەی دێنە دەنگ، "ئەوکاتەی هەموو ئەرمەن کوژران". باس لەو ئەگەرانەش دەکات کە ڕەنگە ڕووبدەن ( The New York Times, December ١٣, ١٨٩٥).

لەیەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە نیویۆرک تایمز لەو کاتەدا لە بارەی کێشەی ئەرمەنەوە بڵاویکردۆتەوە، تێیدا دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە خودی سوڵتان بۆخۆی دەستی لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا هەیە و ئەو بانگەشانەی کە سوڵتان لەبارەی ئەوەی کەدەستی لە کوشتاری ئەرمەنەکاندا نییە بەدرۆ دەخاتەوە. لەم بارەشەوە دەڵێت ئەو تلگرامانەی سوڵتان بۆ والی و سەرکردەی سوپاو کەسانی تر ناردوونی دەریدەخەن کە بە فەرمانی ئەو کراوە. لەم ڕووەشەوە سێ تلگرامی خستۆتە ڕوو کە لە تشرینی دووەمی ١٨٩٥ بۆ والی و سەرکردەکانی ئەو ناوچانە ناردوونی کە کێشەیان تێدابووە وەك: وان، بەتلیس، حەلەب، ترابزۆن، ئەدەنە، دیاربەکرو ئەرزرۆم، کە تیایاندا باس لەوە دەکات، ئامادەبن بۆ سەرکوتکردنی هەر جوڵەیەك و کپکردنی هەر دەنگێکی یاخی و ناڕازی بەزەبری چەك.(The New York Times, November ٢٢, ١٨٩٥)

لە ڕاستیدا ئەم ڕۆژنامەیە بایەخی بە هەموو ئەو هەواڵانە داوە کە دەربارەی کێشەی ئەرمەن لەو کاتەدا لە ئارادابوون، بۆ نمونە لە یەکێک لە هەواڵەکانیدا گوتارێکی پاپای ڤاتیکان دەخاتە ڕوو کە تیایدا باس لە کارەساتەکانی ئەرمینیا دەکات و داوادەکات ڤاتیکان هاوکاری قوربانیەکانی ئەرمینیا بکات (The New York Times, December ١, ١٨٩٥). لەهەواڵێکی تردا باس لەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی دۆخی ئەرمینیا بەرەو برسیەتی و قاتوقڕی چووە بەڵام لایەنە فەرمییەکانی تورکیا ئەمە ڕەتدەکەنەوە .(The New York Times, September ٧, ١٨٩٥) هاوکات ڕۆژنامەکە بایەخی بە وردەکارییەکانی ڕووداوەکانی ئەم کێشەیە داوە و لە بابەتێکدا باس لەوەدەکات کە لە پێکدادانێکی نێوان موسڵمان و ئەرمەنەکاندا لە سیواس نزیکەی ٣٤٠ ئەرمەن کوژراون .(The New York Times, July ٢١, ١٨٩٦) لە نیسانی ١٨٩٦یشدا، هەر دەربارەی ڕوداوەکانی ئەو ماوەیە، بابەتێك بەناونیشانی: ئەرمەنیەکان دووبارە لە مەترسیدان (Armenians Again in Peril) دەنووسێت و تیایدا باس لە هەواڵێك دەکات کە ١٠٠ ئەرمەن لە موش لەلایەن کوردەوە کوژراون،

باڵیۆزەکان مەترسی رووداني کوشتارێکی نوێ دەکەن لە ساسۆن (The New York Times, April ٢٧, ١٨٩٦).

نیویۆرک تایمز تەنانەت گرنگی داوە بە بڵاوکردنەوەی ئەو نزا و پارانەوانەی کە لەو کاتەدا لەلایەن مەسیحییەکانی جیهانەوە بۆ ئەرمەنەکان ئەنجام دراون و بابەتێکی لە ١٨٩٦ بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی: نوێژی تایبەت بۆ ئەرمەنیا (Special Prayers for Armenia)و دەڵێت لەچەند وڵاتێکی ئەوروپی هەفتەی تایبەت بە نوێژ بۆ ئەرمەنییەکان دانراوەو نزیکەی سێ ملیۆن کەس لە جیهاندا نوێژیان کردووە (The New York Times, November ٧, ١٨٩٦).

لە بابەتێکی دیکەدا دەربارەی بارودۆخی ساسۆن لەسەر زاری ڤان میتەر (Van Meter)ی مسیۆنەری ئەرمەنی دەڵێت ئەم مسیۆنەرە کۆمەڵێك شتی تۆمارکردووە دەربارەی دۆخی ئەرمەن کە گرنگن لە پەیوەندی نێوان تورك و هێزەکانی دیکەدا. ودەڵێت ڤان میتەر دەڵێت: ئەگەر ئەرمەنیەك لەگەڵ بیانیەك بدوێت زینداني دەکرێت و سزادەدرێت و وەك پیلانگێرو بیانیەکەش وەك سیخوڕی هێزەکان و هاندەر لە دژی حکومەتی تورك ئەژماردەکرێت (The New York Times, November ١٦, ١٨٩٦).

جگە لەو بابەتانەی کە لەسەر زاری ناتورکەکانەوە بڵاویکردۆتەوە هاوکات نیویۆرک تایمز هەواڵێکی لەسەر زاری سەرکردەیەکی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچە ئاڵۆزەکانیشەوە بڵاوکردۆتەوە، کە بۆ وەزیری جەنگی ناردووە، تیایدا باس لەوەدەکات یاخیبوانی زیتون (Zei Toun) "لەنزیک موشە" هەموو کارێکی خراپیان کردووە، وەک: تاڵان، سوتاندنی ماڵی موسڵمانان و بردنی کەلوپەلیان، برینی مەمکی ژنانی موسڵمان و کوشتنی منداڵ جگە لەوەی سەربازانی ناوچەکەشیان کوشتووە (The New York Times, December ٢٠, ١٨٩٥). لە بابەتێکی دیکەشدا بەشێک لەو رووداوانە دەگێڕێتەوە کە لە کاتی کێشەکەدا روویان داوە و باسی ئەوە دەکات لە هەندێك ناوچەدا پۆلیس ئابلۆقەی کڵێسای ئەرمەنییەکانی داوە کە خەڵکی ئەرمەن خۆیان لەوێدا حەشارداوە و نایانەوێت دەربچن و هەوڵیشدەدەن بەزۆر دەریان بکەن و ناهێڵن خۆراك و ئاویان بۆ بچێت بۆ ئەوەی ناچارین دەربچن (The New York Times, October ١٠, ١٨٩٥). هەر لەو بابەتەدا کە دەربارەی کتێبەکەی ئیدوین ماونزل نووسیویەتی ئەوە دەخاتە روو کە لەو پەرتوکەدا نووسەر دەڵێت مەزەندە دەکرێت چوارسەد هەزار ئەرمەنی کوژراین و دۆخی ئەرمەن زۆر ناروونەو کەس نازانێت لە ئایندەدا چی دەبێت (New York Times, June ١٤, ١٨٩٦). لە ١٨٩٨شدا لە بابەتێکدا باس لەوەدەکات کە پەیامنێرانی نیویۆرک تایمز دەڵێن " راپۆرتەکان باس لەوەدەکەن کە کوشتارێك لە وان لە ئەرمینیای تورکیا رویداوە و باڵیۆزەکانیش باسی دەکەن، بەڵام رۆژنامەگەری تورکی ئاماژە بە رەتکردنەوەیەکی فەرمی دەکەن کە لەوانەوە هاتووە" (New York Times, November ٢٩, ١٨٩٨).

بەگشتی ئەو بابەتانەی کە نیویۆرک تایمز لەبارەی رووداوەکانی ساسۆن لەو ماوەیەدا بڵاوی کردۆتەوە پچڕپچڕ و کورتن و تەنها چەند وێستگەیەکی دیاریکراوی کێشەکەیان لە خۆگرتووە. هاوکات زۆر بە کەمی نەبێت ئاماژە بەو هەواڵانە نەدراوە کە لە لایەنەکانی بەرانبەرەوە واتا تورک و کوردەوە بوبێت.

### ٦,٢ چاکسازی دووەم لە ئەرمینیا

لە ١٨٩٥دا جارێکی دیکە زلهێزەکان و بە تایبەتیش بریتانییەکان، کە لەوماوەیەدا زیاتر لە ئەرمەنەکان نزیک بوون، لە هەوڵی دووبارە سەپاندنی پرۆژەی چاکسازیدا بوون لە ناوچە ئەرمەننشینەکاندا، ئەوە بوو سەرەتا لە شوباتدا بریتانییەکان لە رێگای باڵیۆزی ئەستەمبوڵیانەوە پرۆژەیەکی تاکتۆڵیان دا بە دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لە بەر ئەوەی روسیا بەم پرۆژەیە رازی نەبوو، بۆیە لە ١١ی ئایاری ١٨٩٥دا باڵیۆزی هەر سێ وڵاتی روسیاو بریتانیا وفەرەنسا لە ئەستەمبوڵ پرۆژەیەکی سێقۆڵیان دا بە دەوڵەتی عوسمانی کە داوایان لێکرد پەلە بکات لە جێبەجێکردنیدا. لەو پرۆژەیەدا کە "پرۆژەی ئایار بۆ چاکسازی" ناسراوە، داواکرابوو پشکنەرێکی گشتی بۆ چاودێری کردنی جێبەجێکردنی چاکسازییەکان دابنرێت و لیژنەیەکی پشکنەری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری چاودێریکردنەکە دامەزرێت و ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ ناحیە وگوندەکان و سوپاو پۆلیس رێکبخرێتەوەولایەنی دادوەری و باجیش رێکبخرێنەوە. بەڵام گفتوگۆ لە نێوان ئەو باڵیۆزانەو سوڵتاندا درێژەی کێشا بە تایبەتی سوڵتان سودی لەو ناکۆکیانە وەردەگرت کە لە نێو ئەو وڵاتانەدا هەبوو، کێشەی نێوان سوڵتان و ئەو باڵیۆزانە زیاتر ئەوانە بوون، کە سوڵتان دەیگوت مەسیحییەکان بە پێی رێژەیان لەو شەش ویلایەتە دادەمەزرێن، فەرمانبەرە پلە باڵاکان وەک والی و جێگرەکانیان لە رێگای سوڵتانەوە دادەمەزرێن نەک هەڵبژاردن. ئەو ماددە دادوەریانەی کە پێچەوانەی دادوەری عوسمانین هەڵدەوەشێنەوە، بۆیە حکومەتی عوسمانی ئەو پرۆپۆزەڵەی واژۆ نەکرد تا ئەو کاتەی کێشەی ئەیلولی ١٨٩٥ و کوشتاری ئەرمەن روویدا (کە بەقۆناغی یەکەم ناسراوە)، بۆیە ناچاربوو لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٥دا واژۆی بکات، بەڵام دوای واژۆکردنیش کێشە لە نێوان بریتانیا وسوڵتان هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو کەسەی دەبووە بەرپرسی چاودێریکردنی بە رێوەچوونی پرۆسەکە، کە دواتر سوڵتان، شاکر پاشای دانا هەرچەندە بریتانیا پێی رازی نەبوو چونکە بە لایەنگری روسیای دەزانی. سەرەڕای نارەزاییەکان تا ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٩ لەو پۆستەدا مایەوە (توفیق،٢٠١٢:٢٤٢-٢٥٠).

ریفۆرمو وردەکارییەکانی پرۆسەکە و کێشەکانی لەو بابەتانە بوون کە نیویۆرک تایمز زۆرترین بایەخی پێداون. لەم رووەشەوە هەنگاو بەهەنگاو وردەکارییەکانی ئەم پرسەی رووماڵکردووە، لەوانە لە هەواڵێکدا لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٨٩٥دا بێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێك لەبەرامبەری دەربڕێت دەڵێت دوێنێ دەیلی نیوز بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لە ئەستەنبوڵەوەو نوسیویێتی سەعید پاشای وەزیری دەرەوەی عوسمانی لە نوێژی جومعەدا بەڵێنی بە باڵیۆزی بریتانی سێر فیلیپ کاری ( Sir Philip Carrie)داوە بەر لە جەژن وەڵامی ئەو پرۆپۆزەڵە دەدرێتەوە، کە بریتانیاو روسیاو فەرەنسا بەمەبەستی ئەنجامدانی ریفۆرم لە کارگێڕی و بەرێوەبردنی عوسمانی لە هەرێمی ئەرمەن داوایان کردوەو پێشبینی دەکرێت وەڵامەکە ئەرێنی بێت (The New York Times, June ٣, ١٨٩٥). هەر دوو رۆژ دوای ئەوە هەواڵێکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە دەربارەی "پرۆپۆزەڵی چاودێری کردنی ئەرمینیا لەلایەن هێزەکان" (زلهێزەکان) رەتکرایەوە، لەم بابەتەشدا ئاماژە بەوە دەکات کە دیکۆمێنتێکی نهێنی لە ئەستەمبوڵەوە ئەوە دەردەخات حکومەتی عوسمانی وەڵامێکی نەرێنی دەربارەی چاودێری زلهێزەکان بەسەر ئەرمینیاو هاتنی کەشتیە جەنگییەکانی فەرەنساو بریتانیا بۆ بسفۆر دەربڕیوە (The New York Times, June ٥, ١٨٩٥). لە ١٧ی هەمان مانگیشدا بابەتێکی دیکەی سەبارەت بە "لاوازی سوڵتانەوە" بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا

دەڵێت سولتان ملکەچی داواکاری زلهێزەکان بوو سەبارەت بە ئەرمینیا. ئاماژە بەوەدەکات کە سولتان وەڵامێکی ئەرێنی داوەتەوە، بەڵام داوای کردووە ماوەی چاودێریەکە بۆ ٣ساڵ کەمبکرێتەوە (The New York Times, June ١٧, ١٨٩٥).لە بابەتێکی دیکەش نوسیویەتی کە "وەڵامی تورکیا جێی گومانە"، تا رادەیەک بێ ئومێدی لە بارەی هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانییەوە بۆ ریفۆرم دەردەبڕێت و باس لە هەواڵێك دەکات کە باڵیۆزی فەرەنساو روسیاو بریتانیا لە ئەستەمبۆڵ داوای وەڵامی دیاریکراو لەکاتی دیاریکراو لە سولتان دەکەن سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەرمینیا، بەڵام ئەوەی کە وەزیری دەرەوەی عوسمانی بەوانی داوە وەڵامێکی دڵنیا کەرنیەو جێی قبوڵ نیە .(The New York Times, June ٢٩, ١٨٩٥) هەر لە بارەی ئەو خۆدزینەوەیەی سولتان لە واژۆکرنی پرۆپۆزەڵی ریفۆرمەوە و کێشەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و زلهێزەکانەوە ئەم رۆژنامەیە چەند بابەتێکی تر دەنووسێت، لەوانە لە ٢١ی ئابی ١٨٩٥دا جارێکی دیکە لە بابەتێکی هەواڵیدا دەڵێت دووبارە سولتان ئەو داواکارییەی زلهێزەکانی دەربارەی چاودێری و کۆنترۆڵی زلهێزەکانی لەسەر ئەرمینیا رەتدەکاتەوە .(The New York Times, August ٢١, ١٨٩٥) لە ئەیلولی هەمان ساڵیشدا (١٨٩٥) بابەتێکی بەناونیشانی "رۆستەم ئاغا بەرەو لەبەریەکهەڵوەشان دەڕوات" بڵاوکردۆتەوە، تیایدا باس لەوە دەکات هەواڵێك لە پاریس بڵاوبۆتەوە باس لە دەقی ئەو نامەیە دەکات کە رۆستەم پاشای باڵیۆزی عوسمانی لە بریتانیا بۆ وەزیری دەرەوەی خۆیان ناردوویەتی و سەرنجی بۆ چاوپێکەوتنێکی خۆی لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ئەنجامیداوە دەڵێت من دەڵێم حکومەتی عوسمانی لاری لەسەر ناوەرۆکی بەندی ٦١ی پەیماننامەی بەرلین نییە و لەگەڵ زلهێزەکانی واژۆکەردا کۆکە، بەڵام دان بە کۆنترۆڵ و چاودێری کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی نانێت، بەڵام سالسبۆری رەتیکردۆتەوەو گوتویەتی رەتکردنەوەی حکومەتەکەت واتا بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ترو پچڕاندنی پەیوەندیەکان، بۆیە وڵاتان سوورن لەسەر داواکارییەکانیان دەربارەی ریفۆرم (The New York Times, September ٥, ١٨٩٥).کەواتە نیویۆرک تایمز بەوردی چاودێری ئەو هەواڵانەی کردبێت کە دەربارەی جێبەجێکردنی ریفۆرم لە ئارادابوون و بە پێی نوێترین پێشهاتەکان هەڵوێستی دەربڕیوە و ناونیشانەکانی داڕشتووە، کە هەندێک جارو بەپێی ئەو گەشەسەندنانی لە ئارادابوون پێی وابووە سولتان تەنازولی کردووە، بەڵام دواتر و بە پێی ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەڵوێستی سولتاندا روویانداوە پێی وابووە چاکسازی رەتکراوەتەوە لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە.

جگە لەمانە نیویۆرک تایمز گرنگی بەلایەنەکانی دیکەی ئەم پرسەش واتە ریفۆرم لە ناوچە ئەرمەنییەکاندا داوە لەو رووەشەوە بابەتی زۆری دەربارەی رەهەند و رووداوەکانییەوە نووسیوە. بۆ نمونە لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٨٩٥دا دەنوسێت شاکر پاشای یاریدەدەری یەکەمی سولتان وەك کۆمیسونەری ئیمپراتۆری بۆ چاکسازی لە ئەرمینیا بە "پشکنەری ئیمپراتۆر" دانراوە، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری نیە (The New York Times, June ٢٩, ١٨٩٥).

لە ٢٢ی تەممووزیشدا هەر لەبارەی شاکر پاشاوە بابەتێك بڵاودەکاتەوەو باس لەوەدەکات دانانی شاکر پاشا بۆ سەرپەرشتی کردنی ریفۆرم لە ئەرمینیا سازشکردنی سولتانە بۆ زلهێزەکان، کە بەردەوام جەخت لەسەر چاکسازی دەکەنەوە لە ئەرمینیا New York Times, July ٢٢, ١٨٩٥) ).

لەلایەکی دیکەوە لە ٩ی ئەیلولدا بابەتێك دەربارەی پێشنیارەکانی سولتانەوە لە بارەی چاکسازی لە ناوچە ئەرمەن نشینەکانەوە بەناونیشانی: سازشکردنی سولتان، ئەو چاکسازیانەی کە بڕیاریدا ئەنجامی بدات لە بەڕێوەبردنی ئەرمینیا (Concessions of the Sultan: Reforms which he offers to make in the Administration of Armenia)دەنووسێت، کە هەواڵێکە لەسەر ئەوەی سولتان تێبینیەکانی خۆی لەسەر ریفۆرم داوە بە زلهێزەکان و دەڵێت والی لە مەسیحی دەبێت، بەڵام بەرێوەبەرە کارگێرییە فەرمییەکانی دیکە بەرێژە لە موسڵمان و مەسیحی هەڵدەبژێردرێن و ئەفسەری مەسیحی لەناو سوپا دادەمەزرێت و هێزێکی پۆلیس لە گوندەکان دادەمەزرێت و نوێنەرانی باڵیۆزخانەکانی فەرەنساو روسیاو بریتانیا لە پەیوەندی راستەوخۆدا دەبن لەگەڵ سەرۆکی ئەو کۆمسیۆنە چاودێرییەی کە سولتان دایدەمەزرێنێت .(The New York Times, September ٩, ١٨٩٥) سەرەڕای ئەمانە، لە بابەتێکدا کە لە تشرینی یەکەمدا بڵاوی کردۆتەوە پێچەوانەی پێشتر دەڵێت پێویستە سولتان تەنازول بکات بۆ داواکاری زلهێزەکان. باس لەوەش دەکات کە بەپێی راپۆرتی نوێنەرەکانی لە ناوچەی ساسۆن و ناوچەکانی دیکەش دڵەراوکێ لەسەر جێبەجێ نەکردنی ریفۆرمەوە هەیە. هاوکات باس لەوەدەکات کە بەم هۆیەوە بریتانیا کەوتۆتە هەڕەشە لە دەوڵەتی عوسمانی (The New York Times, October ٦, ١٨٩٥).

لە ١٠ی تشرینی یەکەمیشدا لە بابەتێکدا باس لە هەواڵێك دەکات و دەڵێت لە رۆژنامەکانی ئەستەنبۆڵدا بڵاوکراوەتەوە کە ئەنجومەنی وەزیران ئەم شەو نەخەوتوون بۆ تاوتوێکردنی داواکاری زلهێزەکان دەربارەی ریفۆرم لە ئەرمینیاو رەزامەندبوون لەسەر ئەو رەشنووسەی کە دەستکاری کراوە (The New York Times, October ١٠, ١٨٩٥).دواتریش هەر لەو مانگەدا چەند بابەتێک دەربارەی هەوڵی زلهێزەکان لە بارەی فشارخستنە سەر سولتان بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم بڵاو دەکاتەوە و لە ١٦ی هەمان مانگیش لەبابەتێکدا لە رۆژنامەی کرۆنسایل(Charonicle) ی لەندەنییەوە وەریگرتووە، باس لەوە دەکات باڵیۆزی وڵاتانی بریتانیاو روسیاو فرنسا کۆبوونەتەوەو دواین رەشنووسیان پێشکەش بە سەعید پاشای وەزیری دەرەوە کردووەو دەبێت سولتان وەڵامیان بداتەوە، بەڵام تا کاتژمێر ٤یش وەڵام نەبووە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی سولتان دەیەوێت سوود لەکات وەربگرێت (The New York Times, October ١٦, ١٨٩٥).لە ٢١ی هەمان مانگیشدا بەپشتبەستن بە بابەتێکی رۆژنامەی مۆرنینگ پۆست (The Morning Post) دەڵێت باڵیۆزی بریتانیاو فەرەنساو روسیا رەشنووسی ریفۆرمیان بۆ سولتان بردووە (The New York Times, October ٢١, ١٨٩٥).لە کۆتایی ئەو ساڵەشدا رەخنە لە ئەندامانی کۆمیتەی کۆنترۆڵ دەگرێت، کە بۆ چاودێری ریفۆرم لەلایەن تورکیاوە دانرابوون بە شیاویان نازانێت.(New York Times, November ٢, ١٨٩٥)

بە وردبوونەوە لەو بابەتانەی لای سەرەوە دەردەکەوێت کە نیویۆرک تایمز بایەخی زۆری داوە بە بڵاوکردنەوەو بەدواداچونی تەواوی وردەکارییەکانی پرۆسەی ریفۆرم و ئەو گۆڕانکاری و بەرەو پێشچونانەی لەو ماوەیەدا بەسەر بۆچونی زلهێزەکان و سولتاندا هاتوون. لەم بارەشەوە زۆر جار هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە وباس لەوە دەکات کە پێویستە سولتان سازش بکات یان سولتان سازشی کرد. زۆرجاریش باس لەوە دەکات کە هەڵوێستی ئەرێنی و نەرێنی لە ئارادابوون. ئەگەر لە کۆی ئەو بابەتانەو ئاراستەی بابەتەکان وردبینەوە دەردەکەوێت کە ئەو رۆژنامەیە زۆر پەرۆشی ئەنجام

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v1n1y2018.pp96-107

دانی ئەو چاکسـازییە بووە. بەمەبەسـتی گێڕانەوەی ئاسـایش بۆ ناوچەی ئەرمەن نشینەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە باڵادەست بوونی زلهێزەکان بە سەریانەوە بە بەرژەوەندی خۆیان.

### ٦,٣ هەڵوێستی نیویۆرک تایمز بەرامبەر زلهێزەکان

ئەمریکا لەو دۆخەدا نەبوو دەستوەردان لەو ناوچانەدا بکات بۆیە زیاتر هەڵوێستی ئەوە بوو، کە ئەرمینیا لەژێر سـایەی زلهێزێکی ئەوروپیدا بێت، ئەویش لەو سـۆنگەیەوە کە لە ژێر سـایەی دەوڵەتێکی مەسـیحیدابن نەک ئیسـلام، بۆیە لەو مـاوەیەدا ئەمریکییەکان زیاتر وەك پرسـێکی مرۆیی و لە روانگەیەکی ئاینییەوە دەیانڕوانییە کێشـەکە کە لەم روەشـەوە پێیان باش بوو زلهێزەکان چاودێری کێشـەکە بکەن و زیاتر لە بەرژەوەندی ئەرمەن دەستوەردان بکەن. لەم بارەیەشەوە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز چەندین بابەتی بڵاوکردۆتەوەو تیایاندا زۆر بەرەوونی روو دەکاتە زلهێزەکان و داوای بە هاناچوونی ئەرمەنەکانیان لێدەکات وبگرە هەندێک جار رەخنەشـیان ئاراستە دەکات و بەکەم تەرخەمیان دەزانێت لەم رووەوە، لەوانە لە نیسانی ١٨٩٥ لە بابەتێکدا باس لەوە دەکات کە هەریەك لە پەیماننامەی سـان سـتیڤانۆو بەرلین بەپێی بەرژەوەندی زلهێزەکان بوون، بەڵام لە سـان سـتیڤانۆدا بەپێی بەندێك ئەرمینیا کەوتە ژێرڕکێفی روسـیا، کە بەمە لانی کەم دەکەوتە ژێر دەسـەڵاتی دەوڵەتێکی مەسـیحی هاوئاینەوە، بەڵام لە پەیماننامەوی بەرلیندا ئەو بەندەش نەماو ئەرمینیا کەوتەوە دەستی تورکەکان و بەمەش سـەرکوتکاری تاڵان و کوشـتن وورده وورده بەردەوام بوو تا گەیشتە لوتکەو قەسابخانە روویداو بووە هۆکاری یاخی بوون و راپەڕینی ئەرمەنەکان. رۆژنامەکە دەڵێت روونە کە هەموو ئەو کردارە دڕندانانەی تورکەکان بەرامبەر بە ئەرمەن کردوویانە لە ١٨٧٨هوە واژۆکەرانی بەرلین بەرپرسـیارییەتی هەڵدەگرن، چونکە راسـتە ئەوان ئاشـتیان لەو کۆنگرەیەدا بەدەستهێنا، بەڵام ئەرمینیایان بەرەو سـەرکوتکاری و کاری دڕندانە برد، راسـتە بریتانیاو نەمسـا چەند بەرژەوەندییەکیان لەسـەر حیسابی روسیاو تورکیا بەدەستهێنا، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی ئەرمەن بوو، ئەو دەڵێت ئەمە بەرپرسـیارییەتی ئەوانە (زلهێزەکان) کە نەهێڵن رەفتاری خراپ بەرامبەر ئەرمەنەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوان ئەم ئەرکەیان تەواو پشـتگوێ خسـتووە هەربۆیە ئێسـتا ناوچەکانی ئەرمەن زۆر لە جاران زیاتر لە دڵە راوکێدایە. لە کۆتاییشـدا دەڵێت نزیکەی نیوسەدەیە ئەو هێزانە بەهۆی ململانێکانیانەوە لەسـەر ئەستەمبوڵ پارێزگاری لەمانەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەکەن، لەبەرئەوەی ناگەنە یەك لەسـەر دابەشـکردنی تورکیا، هەربۆیەشـە ئەرمینیا لەژێرباری عوسمانیدا ماوەتەوە (The New York Times, April ٢٠, ١٨٩٥).

هەر لە بارەی ململانێی نێوان زلهێزەکان وکاریگەری لە سـەر کێشـەی ئەرمەن، لەبابەتێکی دیکەدا نیویۆرک تایمز باس لەو کێشـانە دەکات کە لەنێوان زلهێزەکاندا هەبوون لەسـەر تورکیاو بەتایبەتیش هەڵوێستی ئەڵمانیا بەرامبەر سوڵتان و کاریگەریی لەسـەر کێشـەی ئەرمەن. جارێکی دیکە دەڵێت زلهێزەکان ناوێرن فشار بخەنە سـەر سوڵتان لەترسی کەوتنەوەی شەڕ لەنێو زلهێزەکاندا، هەرچەندە وەکو گەل و رای گشتی هەریەك لە ئەڵمانیاو نەمسا هاوسۆزن لەگەڵ ئەرمەنییەکان، بەڵام مەترسی ئەو جەنگەیە وای کردووە ئەوە لە ئەرمینیا رووبدات. سوڵتانیش نایەوێت بۆچوونی خۆی راشکاوانە دەربارەی ریفۆرم بدات، چونکە دەیەوێت دۆخی نێوان نەتەوە جیاجیاکانی ئاسـیای بچوك بپارێزێت .(The New York Times, December ١٦, ١٨٩٥) لەم بابەتانەدا زۆر بەرەوونی دەردەکەوێت کە ئەم رۆژنامەیە بەرپرسـیارییەتی ئەو دۆخەی ئەرمەنی تێکەوتوە لەو کاتەدا دەخاتە ئەسـتووی زلهێزەکان. هەر بۆیە لە بابەتێکدا بەرەوونی رەخنە لە هەڵوێسـتی زلهێزەکان دەگرێت و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ژمارە زۆرەی ئەرمەن کوژراون و پێدەچێت ئەوەی ماویشن لەم زستانەدا دەرنەچن و بمرن، بەڵام نە ئەم باسە ترسناکەو نە ئەم ئەگەرە مەترسیدارە وا لەو هێزانە دەکات ململانێی نێوانیان لەبیر بکەن. نە بە ناوی مەسیحییەت و نە بە ناوی مرۆڤایەتییەوە ئەو دژیەکی و بەرژەوەندییە جیاوازانەیان لەبیربکەن، هەر لەم پەیوەندەدا بەئاشـکرا هانی دەسـتێوەردانی چەکداری دەدات. زیاتریش هەڵوێسـتی وایە کە ئەم کارە بە روسـیا بسـپێردرێت بەڵام ئەو پێی وایە کە بریتانیا رێگری سـەرەکییە لە بەردەم ئەو هەنگاوەدا. لەم رووەشـەوە ئاماژە بەوە دەکات کە هەرچەند هێزی دەریایی لە ئەسـتەمبوڵ نزیکبۆتەوەو هەواڵی هێرش کردنە سـەر ئەسـتەمبوڵ لەلایەن مەحفەلی ئەوروپییەوە هەیە، بەڵام هیچی بەقەد هێرشی روسـیا بەتەنیا کاریگەر نابێت، بەڵام زلهێزەکان رێگرو لەپێش هەمووشـیان بریتانیا (The New York Times, December ٢٥, ١٨٩٥).ئەم هەڵوێسـتەی لە بابەتێکی دیکەشـدا دووبارە کردۆتەوە و بریتانیا بە بەربەستی چارەسـەرکردنی کێشـەی ئەرمەن دەزانێت و باس لە هەڵوێسـت و لێدوانی چەمبرلن (Chamberlain) دەکات دەربارەی ئەرمینیا و رەخنە لە هەڵوێسـتی بەریتانیا دەگرێت و دەڵێت کێشـەی تورکیا پێویسـتی بە هەڵوێسـتی گۆڕەپانی ئەوروپییە. لە کۆتایشـدا بەڕاشکاوی دەڵێت بەربەستی سەرەکی لەبەردەم چارەسـەرکردنی کێشـەی ئەرمەن ماوەی ٢٠ سـاڵە بریتانیایە (The New York Times, January ٢٧, ١٨٩٦).

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی پەیوەسـتن بە هەڵوێسـتی زلهێزەکانەوە گواسـتنەوەی هەواڵی چالاکییەکانی زلهێزەکانە لە ناو دەوڵەتی عوسمانیدا لەمەڕ کێشـەی ئەرمەن. لەم رووەشـەوە لەیەکێک لە ژمارەکانیدا هەواڵێکی بڵاوکردۆتەوەو باس لەوە دەکات کە سـوڵتان سـکاڵا لە بریتانیا دەکات لەلای فەرەنسـییەکان و روسـییەکان دەربارەی گرنگیدانی بە ئەرمینیاو دەڵێت سوڵتان نامەیەکی ئاراستەی سیاسەتمەدارانی فەرەنساو روسیا کردووەو تیایدا گازاندە لە هەڵوێسـتی بریتانیا دەکات کە سوکایەتی بە شکۆی سـوڵتان دەکات و داوایان لێ دەکات پێگەی خۆیان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی وا لە بریتانیا بکەن هەڵوێسـتی خۆی بگۆڕێت، بەڵام وەڵامی فەرەنسـاو روسـیا جێی دڵخۆشی سـوڵتان نەبوو .(The New York Times, August ٢٩, ١٨٩٥) لەم سـۆنگەیەوە هەواڵێکی دەربارەی "مەترسییەکان لە تورکیا" بڵاوکردۆتەوەو باس لەوە دەکات باڵیۆزی زلهێزەکان بەدواداچوون بۆ پەیماننامەی بەرلین دەکەن و بەتایبەتیش گێڕانەوەی ئاسایش. هەواڵەکە دەڵێت ناوە ناوە مەسیحیەکان لەنێو سـەرجەم گەلانی تردا لەبەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆریای عوسـمانیدا هەراسـان دەکرێن و هێرشـیان دەکرێتە سـەر. هەربۆیە باڵیۆزەکان ئەمڕۆ (٥ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥) لەگەڵ سوڵتاندا کۆبوونەتەوە بۆ چارەسەرکردن و بەدواداچوونی کیشەکە و روونیان کردۆتەوە، ئەگەر سوڵتان لەئاستی چاوەڕوان کراودا نەبێت ئەوا ئەو هێزانە هەنگاوی تر دەنێن، باڵیۆزەکان داوایان لە سـەعید پاشای وەزیری دەرەوە کردووە، کە حکومەتی عوسمانی کۆتایی بەو دۆخە بێ سـەروبەرییەی هەیە بهێنێت (The New York Times, November ٦, ١٨٩٥).

لەلایەکی دیکەوە لەبارەی هەڵوێستی زلهێزەکانەوە نیوڕک تایمز لە بابەتێکدا بەرگری لە هەڵوێستی ئەمریکا دەکات لەبارەی ئەرمەنەوەو وایدەردەخات کە ئەمریکیەکان بەدوای بەرژەوەندییەوە نین لە ناوچەکەدا، بەڵکو تەنها لە روانگەیەکی مرۆییەوە کار لەسەر کێشەکە دەکەن. لەم بارەشەوە گلەیی لە حکومەتی عوسمانی دەکات کە رێگری بۆ کاری هەواڵ کۆکردنەوەی ئەمریکیەکان دەکات و دەڵێت ئێمە لەم رووەوە دەمانەوێت باشترین زانیاری بەدەست بهێنین لەو بەشەی ئیمپراتۆریای عوسمانی کە ئاژاوەی تێدایە، ئەویش لە رێگای ناردنی قونسولگەری ئەمریکی بۆ سیواس بۆ ئەنجامدانی راپۆرتێك، بەڵام لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە رێگری کراوە. رۆژنامەکە دەڵێت کاری ئێمە لەم بوارەدا نەتیوەگلان نە لەکێشەی رۆژهەڵات و نە دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆیی لە بارەی مافی بازرگانی نە دەستوەردانی سیاسی یان پاراستنی ئازادی ئاینی، ئاینە ناموسڵمانەکان، بەڵکو ئێمە هەوڵ دەدەین زانیاری دروست دەربارەی دۆخەکە بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی بەدواداچوونی وورد بکەین (The New York Times, December ٤, ١٨٩٥).

لە بابەتێکی دیکەشدا هەواڵێکی دەیلی نیوز بڵاودەکاتەوەو کە گوایە دەڵێت رۆژێک پێشوتر لە ئەستەمبوڵ بڵاوبۆتەوە کە دەڵێت سوڵتان بەڵگەیەکی لایە کە لەلایەن ئەرمەنەکانی خرپوتەوە نووسراوە، ئەوە روون دەکاتەوە، کە مسیۆنەرە ئەمریکییەکان لاوەکانی ئەرمەن فێردەکەن و دواتریش تووشی بەڵایان دەکەن هەروەها باس لەوە دەکات کە لەچەند شوێنێك دەسەڵاتی ناوچەکە (ئیدارەی فەرمی) ئەرمەنەکان ناچاردەکەن بۆئەوەی واژۆ لەسەر ئەوەبکەن کە ئەو ئازادییەی لە تورکیا هەیانە لە هیچ شوێنێکی تر نییە .(The New York Times, December ٢, ١٨٩٥) کە ئەم رۆژنامەیە ئەمە بە پیلان لە دژی ئەمریکا ناو دەبات وباس لەوەدەکات کە ئەوان هیچ دەستیان لەو کێشانەدا نییە.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەم رووەوە لە ١٤ی حوزەیرانی ١٨٩٦دا نیویۆرك تایمز بابەتێکی دەربارەی ئەو کێشەیە بڵاوکردۆتەوە، کە ئیدون مونسڵ بلیس ( Edwin Munsell Bliss) دەربارەی تورکیاو کێشەی ئەرمەن نووسیویەتی، وباس لە پەیوەندییە سیاسییەکانی تورکیاو زلهێزەکان دەکات و دەڵێت کە پەیوەندی نێوان ئەمریکاو تورکیا سیاسی نییە بۆیە رۆژنامەکە دەڵێت نووسەر داوا لە حکومەتی ئەمریکی دەکات کە زۆر بە باشی لە رووی مرۆییەوە کار لەسەر ئەوە بکات و کۆتایی بەو ململانێیە بهێنێت و کۆتایی بەو کارە دڕندانەیە بهێندرێت کوردەکان ئەنجامی دەدەن (The New York Times, June ١٤, ١٨٩٦).

### ٦,٤ هەڵوێستی نیویۆرک تایمز بەرامبەر بە کورد لە کێشەی ئەرمەندا

سەبارەت بە هەڵوێستی نیویۆرک تایمز بەرامبەر بە کورد لەو ماوەیەدا، ئەوا دەکرێت بڵێین درێژە پێدانی هەمان هەڵوێستی نەرێنی و تارادەیەک دوژمنانەی پێشوتر بووە، کە ئاماژەی پێکراو بگرە توندتریش بووە. بۆیە وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا ئەم رۆژنامەیە بەردەوام کوردی بە تاڵانچی و دڕندە ناوزەد کردووەو هەمووکات لەپاڵ سوپای تورکیدا باسی کردووەو بگرە هەندێك جار کوردی خراپتر لە تورك زانیوە، بۆ نمونە لەو بابەتەدا کە دەربارەی کتێبەکەی ئیدوین ماونزل بڵاویکردۆتەوە ئاماژەی بەوەکردووە کە پێویستە کار لەسەر ئەوە بکرێت بەخێرایی و تاهەتایی کارە دڕندەییەکانی دڕندە کوردەکان رابگیرێت (The New York Times, June ١٤, ١٨٩٦).هەروەها لە بابەتێکی دیکەدا باس لەوەدەکات کە رۆژنامەکانی تورکیا بڵاویان کردۆتەوە ١٠٠ کەشتی کەلوپەل وەکو پاداشت بۆ کوردەکان بێت (The New York Times, October ١٠, ١٨٩٥).

نەک هەر ئەوەندە بەڵکو بابەتێکی هەر بەناونیشانی: شەیتان لەشێوەی مرۆڤدایە (Devils in Human Form)بڵاوکردۆتەوە کە مەبەستی کوردە، باس لەوەدەکات کە لە ١٨٩٣دا کوردەکان هێرشیان کردۆتەسەر گوندە مەسیحیەکان، کە ئەگەر لە راستیدا بە هاندانی حکومەتی عوسمانیش نەبوبێت، بەڵام پیلانێك لە ئارادابووە و دەڵێت لە ١٨٩٤دا جارێکی دیکە کوردە شەیتانەکان دەستیان بە تێکدانی گوندە مەسیحسەکان کردەوەو دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکیان داگرت و ئەوەی بە کەڵکیان هات بردیان تەنانەت ئافرەت و منداڵ و ماڵات، ئەو لەم بابەتەدا دەڵێت ناوچەی ساسۆن لە راپەڕیندا بوون، بەڵام بووە هۆکاری کوشتارو تاڵانکردنیان و کوردو سەربازەکانی تورکیا بەیەکەوە هێرشیان دەکردە سەریان و ئاگریان لە ماڵەکان بەردەداو هەمووشتێکیان تاڵان کرد (The New York Times, November ١٦, ١٨٩٦).ئەمانەو لە چەندین شوێنی دیکەشدا کە لە بابەتەکانی پێشتردا ئاماژەیان پێکراوە ئەم رۆژنامەیە هەڵوێستی نەرێنی بەرانبەر بە کورد دەربڕیوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە زۆر بابەتی ئەم رۆژنامەیەدا، قسە لەسەر ناوچەکانی کوردستانە، کەچی ناونیشانەکە بەناوی ئەرمینیاوەیە، واتا ئەم رۆژنامەیەش ئەو ناوچانەی کوردستانی بە ئەرمینیا زانیوە.

کەواتە ئەوی دەردەکەوێت ئەوەیە کە ئەم رۆژنامەیە لە روانگەیەکی ئاینییەوە روانیویەتیە کێشەکە و لە بەر ئەوەی کورد ئیسلام بوون و ئەرمەن مەسیحی، بۆیە هەمیشە هەوڵیداوە کورد لە شێوەی دەستدرێژیکارو دڕندە دەربخات و هەوڵبدات قەبارەی کورد لەوکارانەدا کە لە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی وبە بڕیاری ئەو دەوڵەتە ئەنجامدراون گەورەتر دەربخات.

## ٧. ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە چەند ئاکامێک گەیشتین، لەوانەش:-

١. رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی لە ماوەی نێوان ١٨٧٧-١٨٩٨دا، کە ماوەی ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەرمەنە و بە قەیرانی یەکەمی ئەو کێشەیە ناوزەد دەکرێت، بایەخێکی زۆری بە رووداوەکانی ئەو قەیرانەو وردەکارییەکانی داوەو لەم رووەشەوە لە بەشێکی زۆری ژمارەکانی ئەو ماوەیەدا بابەتی لەم رووەوە بڵاوکردۆتەوە.

٢. هەروەها بەوە گەیشتین کە ئەم رۆژنامەیە لە بەشی زۆری کارەکانی لە بارەی کێشەی ئەرمەنەوە بێلایەن نەبووەو بەڵکو هەڵوێستی دەربڕیوە، کە زۆر بە روونی لایەنگری ئەرمەنی پێوەدیارە و بەرگری لە کێشەکە کردووە کە زیاتریش لە سۆنگەیەکی ئاینییەوە بووە.

٣. هاوکات ئەوەمان بۆ روون بووەوە کە هەر لە سەرەتای کێشەکەوە ئەم رۆژنامەیە هەوڵی راکێشانی سەرنج و سۆزی زلهێزو وڵاتە مەسیحییەکانی داوە بەلای کێشەی ئەرمەنداو هەوڵی داوە وایان لێبکات لە بەرژەوەندی ئەرمەن دەستوەردەنە قەیرانەکەوە.

٤. لە لایەکی تریشەوە بۆمان دەرکەوت کە هەر بە هۆی جیاوازی ئاینییەوە ئەم رۆژنامەیە هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ناشرین کردنی کوردی داوە لە کێشەکەدا

و وەک دڕنـدە و تالانچی باسی کردوون. لەکاتێکدا کوردیش هـاوشـــێوەی ئەرمەن لە سیاسەتی سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی عوسمانییەکان لەوماوەیەدا بێ بەش نەبووەو بەڵکو هەوڵ و کۆشـــشـــی بەشـــێکی زۆری کوردان بۆ دەربازبوون لەو ســیاســەتەو مانەوەی بووە، بەڵام نیویۆرک تایمز لەم رووەوە هیچ بایەخێکی پێ نەداوەو بەلایەنگیری کردنی کێشـەی ئەرمەن، مەسـەلەی کوردی تەواو پشتگوێ خستووە.

٥. لەکۆی بابـەت و هـەواڵـەکانی رۆژنامەی نیویۆرک تایمز تایبەت بە کێشــــەی ئـەرمـەن لە مـاوەی ١٨٧٧-١٨٩٨ ئەوە بەروونی دەردەکەوێت کە بەهۆی سیاسـەت و ململانێی زلهێزەکان لەلایەك و لەلایەکی دیکەشـەوە سیاسـەتی دەوڵەتی عوســمانی بۆ خۆدزینەوە لەپێدانی ماف و پاراســتنی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانی ژێردەســتی، کوشتاری یەکەمی ئەرمەن سەریهەڵداوەو بەشێکی زۆری ئەرمەنیش بەو هۆیەوە بونەتە قوچی قوربانی.

## ٨. سەرچاوەکان

### ٨,١ سەرچاوە کوردییەکان


جەلیل، جەلیلی: ٢٠٠٦ هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ، ئەنوەر قادر لە ڕوسیەوە کردوویەتی بە کوردی، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

جوەیدە، د. وەدیع: ٢٠٠٨ جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد بنەماو پەرەسەندنی، وەرگێرانی: د. یاسین سەردەشتیی، چاپخانەی سیما، سلێمانی .

الصلابی، د. علی محمد: ٢٠٠٧ دەوڵەتی عوسمانی هۆی گەشەسەندن و ڕووخانی، ، وەرگێرانی: احمد عبدالرحمن احمد، نهاد جلال حبیب الله، کتێبخانەی نارین، هەولێر.

عەلیاوەیی، عەبدوڵڵا: ٢٠٠٤ کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهان (لێکۆڵینەوەیەکە لەبواری مێژووی سیاسی دا)، ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

مەنتك، کامەران ئەحمەد محەمەدئەمین:٢٠٠٠ کوردستان لەنێوان ململانێی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا ١٨٩٠-١٩٣٢، ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ئەحمەد، کەمال مەزهەر، ١٩٧٥، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

یەحیا، عەبدولفەتاح عەلی: ٢٠٠٧ چالاکی و هەڵسوڕانی مژدەبەرە ئەمریکیەکان لە کوردستاندا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ، ژمارە (٣)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ساڵی پانزەهەم، تشرینی دووەمی، سلێمانی.

ئەمین، نەوشیروان مستەفا، ٢٠٠٥، کوردو عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی.


### ٨,٢ سەرچاوە عەرەبییەکان


أبو زيدون، وديع: تاريخ الامبراطورية العثمانية من التأسيس الى السقوط، ٢٠٠٣، الأهلية للنشر والتوزيع، عمان.

مصطفى، احمد عبدالرحيم: ١٩٨٢ في اصول التاريخ العثماني، ، دار الشرق، د.م.

توفيق، هوگر طاهر٢٠١٢ الكرد والمسالة الارمنية (١٨٧٧-١٩٢٠)، ()، مطبعة ئاراس، اربيل.

بول اميل، تاريخ ارمينيا، ت. شكرى علاوى، بيروت، د.ت.

عمر عبدالعزيز نوار وعبدالمجيد نعنعى، التاريخ المعاصر، أوروبا من الثورة الفرنسية الى الحرب العالمية الثانية، دار النهضة العربية، بيروت، د.ت.

صحيفة نيويورك تايمز ١٥٤ سنة من العمل الصحفي والاثارة والجدل، .htm٠٦٨/٥١http://annabaa.org/nbanews/


### ٨,٣ سەرچاوە بیانییەکان


Dwight, w. Marsh, ١٨٦٩, The Tennesseean in Persia and Koordistan Being Scenes and Incidents in the Life of Samuel Audley Rhea, Philadelphia.

S.C.Bartlett, ١٨٧٢Skethes of the Missions of the American Board, Boston .

Umit, Devrim, (٢٠١٤), The American Protestant Missionary Network in Ottoman Turkey,-١٨٧٦ ١٩١٤,International,Journal of Humanities and Social ,V ,٤,No,.,٦


### ٨,٤ رۆژنامەی نیویۆرك تایمز بەزمانی ئینگلیزی:-


The New York Times, March ٣١, ١٨٧٧.

The New York Times, December ٢, ١٨٧٧.

The New York Times, December ١٦, ١٨٧٧.

The New York Times, April ٣, ١٨٨٠.

The New York Times, May ٤, ١٨٨٠.

The New York Times, February ٢٠, ١٨٨١.

The New York Times, August ١٧, ١٨٨١.

The New York Times, September ٢٣, ١٨٨٩.

The New York Times, December ٢٢, ١٨٨٩.

The New York Times, July ٢٧, ١٨٩٠.

The New York Times, August ٢٨, ١٨٩٠.

The New York Times, August ٣١, ١٨٩٠.

The New York Times, September ٧, ١٨٩٠.

The New York Times, June ٩, ١٨٩٢.
The New York Times, December ٩, ١٨٩٤.
The New York Times, January ٣١, ١٨٩٥.
The New York Times, February ٥, ١٨٩٥.
The New York Times, April ٢٠, ١٨٩٥.
The New York Times, June ٣, ١٨٩٥.
The New York Times, June ٥, ١٨٩٥.
The New York Times, June ١٧, ١٨٩٥.
The New York Times, June ٢٩, ١٨٩٥.
The New York Times, July ٢٢, ١٨٩٥.(
The New York Times, August ٢١, ١٨٩٥.
The New York Times, August ٢٩, ١٨٩٥.
The New York Times, September ٥, ١٨٩٥.
The New York Times, September ٧, ١٨٩٥.
The New York Times, September ٩, ١٨٩٥.
The New York Times, September ٢٢, ١٨٩٥.
The New York Times, October ٦, ١٨٩٥.
The New York Times, October ١٠, ١٨٩٥.
The New York Times, October ١٦, ١٨٩٥.
The New York Times, October ٢١, ١٨٩٥.
The New York Times, November ٢, ١٨٩٥.
The New York Times, November ٦, ١٨٩٥.
The New York Times, November ٢٢, ١٨٩٥.
The New York Times, December ١, ١٨٩٥.
The New York Times, December ٢, ١٨٩٥.
The New York Times, December ٤, ١٨٩٥.
The New York Times, December ١٣, ١٨٩٥.
The New York Times, December ١٦, ١٨٩٥.
The New York Times, December ٢٠, ١٨٩٥.
The New York Times, December ٢٥, ١٨٩٥.
The New York Times, January ٢٧, ١٨٩٦.
The New York Times, April ٢٧, ١٨٩٦.
The New York Times, June ١٤, ١٨٩٦.
The New York Times, July ٢١, ١٨٩٦.
The New York Times, November ٧, ١٨٩٦.
The New York Times, November ١٦, ١٨٩٦.
The New York Times, November ٢٩, ١٨٩٨.

---

[١] - ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی ئەمریکییە کە لە ١٨-٩-١٨٥١ەوە لە شاری نیویۆرک لە لایەن کۆمپانیای نیۆیۆرک تایمزەوە دەردەکرێت، بۆ زیاتر بڕوانە: صحيفة نيويورك تايمز ١٥٤ سنة من العمل الصحفي والاثارة والجدل، http://annabaa.org/nbanews/٥١/٠٦٨.htm

[٢] - سەرجەمی ئەم ژمارانەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکی وەرگیراوە لە ئەرشیفی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکا ( Library of Congress)، بڕوانە: https://www.loc.gov/newspapers/?q=new+york+times

[٣] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نوار و نعنعی، د.ت،٢٩١-٣٠٤ ).

[٤] - بۆ زانیاری زیاتر لەم ڕووەوە بڕوانە: (تۆفیق، ٢٠١٢: ٨٤-٨٨).

[٥] - پەیماننامەی سان ستیڤانۆ لە ٣ی ئازاری ١٨٧٨ لە نێوان ڕوسیاو عوسمانیەکاندا بەستراو لە ٢٩ بەند پێکهاتبوو کە زۆربەیان لەبەرژەوەندی ڕوسیا دابوون و مەرجی زۆر بەسەر دەوڵەتی عوسمانی سەپێنرا. بەندی ١٦ی پەیمانەکە بۆ مەسەلەی ئەرمەن تەرخانکرابوو. دەوڵەتی عوسمانی پەیمانی دا بەبێ دواکەوتن ریفۆرم لەو ناوچەیەدا بکات کە ئەرمەنی تێدادەژین، بەڵام وڵاتە ئەوروپاییەکان و بەریتانیا بەتایبەتی دژی ئەم پەیماننامەیە وەستانەوەو بۆیە لەژێر فشاردا ئەو پەیماننامەیە هەڵوەشێندرایەوەو پەیمانی بەرلین جێیگرتەوە (أبو زيدون، ٢٠٠٣: ٢٩٣، ٢٩٤ ؛ عەلیاوەیی، ٢٠٠٤: ٩٤، ٩٥ ؛ مصطفى، ١٩٨٢: ٢٤٤).

[٦] - پەیماننامەی بەرلین لە ١٣ی تەمموزی ١٨٧٨ ڕاگەیەندرا، کە لە ئاکامی بەستنی کۆنگرەی بەرلین بوو لە حوزەیران و تەمموزی ١٨٧٨ بە بەشداری بەریتانیا، ڕوسیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا و نەمسا، هەروەها نوێنەری تورکیاو نوێنەری ژمارەیەك لە دەوڵەتان و گەلانی بالکان بەسترا. پەیماننامەکە لە ٦٤ بەند پێکهاتبوو وبەندی ٦١ی بۆ مەسەلەی ئەرمەن و مافی ئەرمەنەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا تەرخانکراوە. (أبو زيدون، ٢٠٠٣: ٢٩٨ ؛ ئەحمەد، ١٩٧٥: ١٠٤-١٠٥؛ مصطفى، ١٩٨٢: ٢٤٤).

[٧] - دەربارەی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامانەو هەروەها هۆکارەکانی جێبەجێ نەکردن و پشتگوێخستنی لەلایەن زلهێزەکانەوە. (بڕوانە تۆفیق، ٢٠١٢: ١١٢؛ الصلابی، ٢٠٠٧: ٥٤٥-٥٥٠).